دیمۆکراسی
بۆ ئێران

# کوردستان

خودموختاری
بۆ کوردستان

٢١ی جۆزەردانی ١٣٨٠
١١ی ژوئەنی ٢٠٠١

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣١٣
١٠٠ تمەن

## لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری


رۆژی هەینی ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٠ بەرامبەری ٨ی ژوئەنی ٢٠٠١ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران دا بەڕێوە چوو. رۆژی شەممە ١٩ی جۆزەردانیش ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری راگەیەندران‌و هەروەك بۆ هەمووان قابیلی پێش بینی بوو ئاغای خاتەمی بە زۆرایەتیی زۆربەی دەنگەکان ئەو ململانەیەی بردەوە. وەك هەموو لا دەزانن زۆربەی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و زۆر لە شەخسییەتە نیشتمانپەروەرەکان لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران داوایان لە خەڵك کردبوو چەندی بۆیان دەکرێ خۆ لە چوون بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان ببوێرن‌و لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبن.

دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی وەك هەمیشە چاوو راوێکی یەکجار زۆریان لە دەوروبەری ئەو هەڵبژاردنە وەڕێ‌خست‌و بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنیان دا بە "بێ‌وێنە"و بە "نیشانەی ئۆگریی ئۆممەتی ئیسلامی بە نیزامی عەدلی ئیلاهی" لە قەڵەم دا. لەگەل وانیش دا هێندێ توێژەرەوەی سیاسی ئاکامەکانی هەڵبژاردنیان وەك "رێفراندۆمی ئیسلاحات" شتێك کە پێشتریش قۆڵی ناسراو بە ریفۆرمخواز ئیددیعای دەکرد، هەڵسەنگاند. بەڵام ئەگەر واقیعبینانە بۆ مەسەلەکە بچین دەبینین کە ئاکامە راگەیەندراوەکانی هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی سەرکۆماری زۆر لە پێش بینی‌یەکانی خوازیارانی تەحریمی هەڵبژاردنیان وەدەرخست، بۆ نموونە:

٢

## عەزیزی یووسفی، نموونەی رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ

### (بەبۆنەی ٢٢ ساڵەی کۆچی دوایی‌یەوە)



که هێشتا نه کۆماری کوردستان دامەزرابوو، نه ئەو شەهیدە مەزنەش ببوو بە سەرکۆمار.

ف ـ کاویان

کاك عەزیزی یووسفی، لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گەڕەکی رزگەییانی مەهاباد و لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی‌دا لەدایك بووو، سەردەمی منداڵیی خۆی، هەروەك هەموو منداڵە کوردێکی ئەو سەردەمە تێپەڕ کرد و دەورەی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد، هەر لە یەکەم ساڵی خوێندنی دەبیرستان دا بوو کە رێژیمی پاشایەتی لە موکریان نەماو، بەڕێوەبردنی شاری مەهاباد بە شوورایەك ئەسپێردرا کە سەرۆکەکەی قازی مەحەممەد بوو

٦

## بەشی یەکەمی هەڵبژاردەی

## راپۆرتی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە بارەی ئێران

**ئەم راپۆرتە لە ژانویە تا دیسامبری ٢٠٠٠ دەگرێتەوە.**

بە دەیان کەس لە زیندانی‌یەکان هەروا لە زیندان دان، لە نێو ئەوان دا زیندانیانی بیروباوەڕو هەروەها ئەو کەسانە دەبینرێن کە پێشتر بە شێوەیەکی ناعادیلانە موحاکەمە کراون، دژایەتی کردن لەگەڵ ئازادیی بەیان بە شێوەیەکی توندوتیژ، بووە هۆی دەستبەسەرکردنی رەمەکی‌و زیندانی کردنی دەیان کەس لە رۆژنامەنووسان. گەیشتنی راپۆرت لە بارەی ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی دزێو [بە نیسبەت زیندانی‌یەکانەوە] هەروا درێژەی هەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٠دا لانی‌کەم ٧٥ کەس ئیعدام کران، لەوانەیە ژمارەی ئەوان زۆر لەوە زیاتر بێ.

٤

## لەم ژمارەیەدا

هەواڵەکانی کوردستان ..... ٣
تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات ..... ٥
شوێنی تازەی کاری دەفتەری ناوەندی جیهانی بۆ دێموکراسی ..... ٧
مافی نێونەتەوەیی‌و مەسەلەی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان (٣) ..... ٨
بێ‌بەشیی کچانی دێ‌نشینی کوردستان لە دەرەتانی درێژەی خوێندن ..... ١٠

## سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شێخ صلاح الدین حفید!

٢

**برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری

ـ لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئەوانەی لە ئێران دا هەقی دەنگدانیان هەیە لە چاو دەورەی حەوتەم حەوت میلیۆن کەس زیادی کردوە، ئەوانەی بەشداری دەنگدان بوون هەر بە پێی ئامارەکانی رێژیم نزیکەی میلیۆنێك لە دەنگدەرانی دەورەی حەوتەم کەمتر بوون. بە جۆرێکی دیکە بڵێین ١٤ میلیۆن کەس لەوانەی حەقی دەنگدانیان هەبووە، نەچوونە سەر سندووقەکان. ئەمە بە ئاشکرا نیشانەی بێئومێدیی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنو بەگشتی بە وەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دایە.

ـ هەر وەك چاوەڕوان دەکرا ئاغای خاتەمی لەو هەڵبژاردنەدا بۆ دووەمین جار سەرکەوتو بەرواڵەت دەرسەدێکی زیاتری دەنگەکانیشی بەدەست هێنا. چونکە ئاکامەکانو ئامارەکان راست بن یان ناراست، گومان لەوەدا نیە کە ئەمجارەیان خاتەمی هەم کاندیدای واقیعیی هەر دوو قۆڵەکەی نێودەسەڵات بوو، هەم بە دەنگی هاوبەشی دەنگدەرانی سەر بە هەردووکی قۆڵەکان سەرکەوتوە. سروشتییە وەختێك (بەپێی ئەو زانیارییانەی پێش هەژدەی جۆزەردان دەست کەوتن) رێبەری نیزام بە هەڕەشەو گوڕەشە خاتەمی ناچار دەکا خۆی کاندید بکاتەوە، ئەوەندەش کە دەنگی دەڕوا داوا لە لایەنگرانی خۆی دەکا دەنگی بۆ بدەن. هەردووکی ئەمانەش سروشتین. چونکە بەراستی پاش خومەینی کە دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی بوو، تا ئێستا هیچ کەسێك بە ئەندازەی خاتەمی خزمەتی بە مانەوەو تەنانەت رەنگ کردنی کۆماری ئیسلامی لە پێش چاوی دنیای دەرەوە نەکردوە.

ـ شتی لەوانە گرنگتر ئەو ئامارسازییە بوو کە پێش رۆژی هەڵبژاردنیش بۆ زۆر کەس لە خاوەن نەزەران قابیلی پێش بینی بوو. وەك هەمووان دیتیان ئەگەرچی سەرئەنجامەکەی ناچار بوون ژمارەی بەشدارانی دەنگدان کەمتر لە ژمارەی دەنگدەرانی دەورەی حەوتەمیش رابگەیەنن، بەڵام لە رۆژی هەڵبژاردن دا دەزگا تەبلیغاتییەکان وایان نیشان دەدا کە بەشداریی خەڵك لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بووە. جگە لەوە هەوڵیان دابوو سندووقەکانی هەڵبژاردن کەمتر بن تا ژمارەی بەشداران زیاتر بنوێنێو سێ جاریش بەوناوە کە گویا وەرەقەی هەڵبژاردن تەواو بوونو خەڵکێکی زۆرتریش لە ریزی دەنگدان دا ماونەوە، ماوەی دەنگدانیان درێژ کردەوە. ئاخر، کەس نیە لێیان بپرسێ کاتێك ٤٢ میلیۆن هەقی دەنگدانیان هەیە، ئەقڵ دەیگرێ ئەوەندە بەرگەی دەنگدان چاپ نەکرێ کە بەشیان بکا، یان حەوزەکانی دەنگ وەرگرتن بە رادەی پێویست بەرگەیان بۆنەچێ؟

ئێمە بە نۆرەی خۆمان هەم لە هەموو شارەکانی کوردستانو هەم لە مەرکەزو هێندێ شاری گەورەی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە رێگای دۆستو لایەنگرانمانەوە چاوەدێریی رەوتی دەنگدانمان کردوە. لە تەواوی حەوزەکان دا واقیعییەت لە گەڵ ئەوەی لە دەزگا تەبلیغاتییەکانی رێژیمەوە راگەیاندراوە، یەکجار زۆری جیاوازی هەبووە. بەڵام دیارە کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە سەرکەوتنو بە عەلاقەی کۆمەڵانی خەڵك هەیەو ئێستا کە بەکردەوە ئەو ئامانجەی نەپێکاوە، دەبێ بە زیادکردنی ئامارەکانو بە حیلەی فیلمبەرداریو رێگاکانی دیکەی بەفریوبردنی بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوەی ئێران ئەو "ماشەڵڵا" سەرکەوتنە بێننە سەرشانۆ.

لە زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان ژمارەی ئەوانەی چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە چەند جار کەمتر لەو ئامارانە بووە کە لە دەزگا تەبلیغاتییەکانی رێژیمەوە بڵاوکراونەوە. کاریشمان بەوە نیە کە هەم لە کوردستان هەم لە شوێنەکانی دیکەی وڵات ئەوانەی چوونە سەر سندووقەکان بەشێکی کەمیان لایەنگرانی رێژیم بوونو ئەوانەی دیکە یان لە ترسی لێپرسینەوەو شەڕ پێفرۆشتنی دواتر چوون، یان لەو لاوانە بوون کە بۆ یەکەم جار هەقی دەنگدانیان پێدراوەو بۆوان جۆرێك سەرگەرمی بووە. ئەو ئامارانەی لە کوردستانەوە بەدەست گەیشتوون نیشان دەدەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداری دەنگدان بوون، لە چاو ئەوانە کە هەقی دەنگدانیان هەبووە بەتێکرا کەمتر لە یەك لە ٣ بووە، هەر چەند رادەی بەشدار بوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك فەرقی کردوە.

ئێمە بەو بۆنەیەوە سڵاو لە وشیاریو بێداریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەینو سوپاسی بێپایانیان پێشکێش دەکەین کە جارێکی دیکە هەم متمانەی خۆیان بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دایەوەو هەم رادەی بەرزی ئاگایی سیاسیی خۆیان نیشان دا. دڵنیاین کە هەروەك چەند ساڵ دوای رێفراندومی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووان دەرکەوت کە هەڵوێستی خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی لە بارەی تەحریمی رێفراندۆمەوە لە جێی خۆی دابووە، ئەمجارەش زووتر لەوەدەم دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی واقیعی لە ئێران دا لە دەستی "ولی فقیه"و توندرەوەکان دایەو هەڵبژێرانی ئەمو ئەو بە سەرکۆمار شتێك لە جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێ.

هەڵبەت ئێمە ئارەزوومانە ئەم پێش بینییەمان بە راست دەرنەچێو سەید محمد خاتەمیو قۆڵی ناسراو بە رێفورمخواز لە دەورەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی خاتەمیدا کاری بەرچاو بە قازانجی چارەسەری گیروگرفتە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانو لە هەمووان گرنگتر بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیو دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی بێبەشی ئێرانیان لە دەست بێ. بەڵام لە ئێستاوە چاوەڕوان دەکرێ کە خاتەمی لە دەورەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا کەم تواناترو بێبرشت تر لە دەورەی یەکەم خۆی نیشان بدا، بەتایبەتی کە چونکە ئاخر دەورەیەتی پێویستییەکیشی بە راکێشانی سەرنجی دەنگدەرانو کۆمەڵانی خەڵك نیە.

جارێکی دیکە باوەڕمان بەو ئەسڵە دووپات دەکەینەوە کە ئاڵوگۆڕی قووڵ بە قازانجی ئازادیو دێمۆکراسیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای ئێران دا مومکین نیەو زۆریشمان پێ خۆش دەبێ کە لەم لێکدانەوەیەدا بە هەڵە چووبین. ☀

---

## بۆ بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو شێخ صلاح الدین حفید!

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی د.شێخ صلاح الدین حفید کەسایەتیی نیشتمانپەروەرو ئابووریزانی ناسراوی کوردمان پێگەیشت.

شێخ سەلاح عومرێك خزمەتی بەزانستو بەمەسەلەی رەوای خەڵکی کوردستان کردو هەر بۆیە ناویو یادی بۆ هەمیشە لە دڵی رۆڵەکانی گەلی کورددا دەمێنێتەوە.

خوا سەبووریتان بداو خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**
**۲۰۰۱/۶/۱**

# هەواڵەکانی کوردستان

## مەهاباد

### تەبلیغاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری!

● بە پێی خەبەرێک کە لە مەهابادەوە بەدەستمان گەیشتوە، رۆژی ۵ شەممە ۸۰/۳/۱۰ "فاطمه حقیقت جو" نوینەری تاران بۆ مەجلیس و ئەندامی فراکسیۆنی "جبهه مشارکت"، کەریم فەتاح پوور نوینەری ورمێ لە مەجلیس و سەمەد موەحیدنەژاد نوینەری خویندکاران بۆ تەبلیغاتی ئینتیخاباتی هاتوونە ئەو شارەو خەلکیان بۆ کۆبوونەوە دەعوەت کردوە. بەپێچەوانەی چاوەروانیی وان، کەمتر لە ۱۰۰ کەس چوونە کۆبوونەوەکە کە ئەوانیش زیاتر کەسانی سەر بە ریژیم بوون. سەرنج راکیش ئەوە بووە کە لە قسەکانیان دا زیاتر باسیان لە "مردمسالاری دینی" کردوە، شتێک کە لەگەڵ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ وەك ویست و داخوازی خەلکی ئیران، جیاوازیی‌یەکی زۆری هەیە. خۆشتر ئەوەیە لە وەلامی هیندێ پرسیاری بەشدارانی کۆبوونەوەدا یەکیک لە ئەندامانی هەیئەت گوتوویە: "ئیوە بۆچی هیندە لە مەسەلەی تیرۆریزمی دەولەت دەکۆڵنەوە؟ ئەوە ئیقتیزای کات و زەمان بووە."

لە راستی‌دا نوینەری بەریز ویرای تەئییدی تیرۆری ریبەرانی کورد و موخالیفانی دیکەی ریژیم، ئەوەشی بەگوێی خەلک دا داوە کە هەرکات زەمان "اقتضا" بکا، دیسان حکوومەتی "عدل الهی" فەرمانی تیرۆری موخالیفانی خۆی دەردەکا و کەسیش هەقی ئیعترازو تەنانەت پرسیاریشی نیە.

● بەپێی خەبەریکی دیکە هەر لە مەهابادەوە ستادی عەلیی فەللاحیان قاتلی ریبەری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاورییانی لە مەهابادیش کراوەتەوە. بەلام لاوانی بەشەرەفی شار پلاکاردو عەکسەکانیان هیناوەتە خوارو ئاگریان داون و لە ئاکام دا بە کردەوە شتیک بەناوی ستادی فەللاحیان نەماوە .

لەلاوانی بەهەست و شۆرشگیری کورد هەر ئەو هەلویستە چاوەروان دەکرێ و زۆریش نیشانەی بیشەرمی‌یە کە عەلیی فەللاحیان چاوەرێ بێ خەلکی کوردستان لە پاداشی تیرۆری ریبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا دەنگی بدەنێ تا ببیتە سەرکۆمارو زیاتر پەرە بە تیرۆرو تاوان بدا. هەر لەو کاتەدا جیگای داخ و تەنانەت مایەی شەرم و شوورەیی‌یە کە کوردیک لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئیمکاناتی وەرێخستنی ستادی تەبلیغاتی بۆ جینایەتکاریکی وەك فەللاحیان پیك بینێ.

### دامەزرانی لقی "شووڕای میللیی جەوانان"

بەپێی هەواڵ، کاربەدەستانی ریژیمی ئیسلامی لە شاری مەهاباد بەمەبەستی فریودانی لاوانی ئەو شارەو راکیشانی ئەوان بۆ لای سیاسەتەکانی ریژیم دەفتەری بەناو شووڕای میللیی جەوانانیان لەم شارە کردۆتەوە. دەفتەری باسکراو لە ساختومانی شارەداریی مەهاباددا هەڵکەوتوە.

بەپێی ئیددیعای کاربەدەستانی ریژیم ئەو شوورایە ناوەندیکە بۆ باس کردن و چارەسەرکردنی کیشەکانی لاوان بەهۆی خۆیانەوە. بۆ ئەو مەبەستە نیوە نیوە کۆبوونەوەو سیمینار بۆ لاوان پیك دینن. ئەوەی جیگای سەرنجە لاوانی ئەو شارە بەهۆی وریایی‌یان و ئاگادار بوونیان لە نیوەرۆکی پیلانەکانی کۆنەپەرستیی حاکم، وەلامی بانگەوازی فریودەرانەی دەست و پیوەندەکانی ریژیمیان بەمەبەستی کۆبوونەوە لەو شوورایە، نەداوەتەوە.

شیاوی باسە زۆربەی ئەندامانی بەریوەبەری ئەم شوورایەو کومیتەکانی بریتین لە بەسیجی و کۆنەبەکریگیراوەکانی ریژیم لەو شارەداو، ئیستا لە سەروبەندی بەناو هەلبژاردنی سەرکۆماری‌دا دەیانهەوێ بە هینانە مەیدانی لاوانی ئەو شارە، بازار گەرمی بۆ هەلبژاردنی سەرکۆماری پیك بینن.

بەپێی زانیاری‌یەکان بەرپرسی شووڕای ناوبراو کەسیکە بەناوی "عبدالناصر حکمت آرا" کە کۆنە فەرماندەریکی دژی گەلیی بەسیجە کە بەرپرسی باشگای رادیۆو تەلەویزیۆنی مەهابادیشە. جیگری ناوبراویش کۆنەبەکریگیراویکی ریژیمە. ئەو شوورایە لە پینج کۆمیسیۆن پیك هاتوە: ۱ ـ کومیسیۆنی تەحقیق و پەژوهش، ۲ ـ کومیسیونی سیاسی، ۳ ـ کومیسیۆنی ئیشتغاڵ، ٤ ـ کومیسیۆنی بەشداریی کۆمەلایەتی (شرکت اجتماعی)، ۵ ـ کومیسیۆنی "دین باوری".

## شنۆ

### ئاگر تیبەربوونی پیگەیەکی موهەندیسیی سوپای پاسداران

پایگایەکی کەلوپەلی موهەندیسیی سوپای پاسداران کە بە مەبەستی دابین کردنی خیز لە سەر چۆمی گادەر لە نیوان ئاواییەکانی دێشەمس و سەرگیز دانرابوو پیشگیریی لە هاتوچۆی خەلکی دیکە بۆ بردنی خیز دەکرد، ئیوارەی رۆژی پینج شەممە ۱۰ی جۆزەردان لەلایەن کەس یان کەسانی نەناسراو ئاوری تێ بەردرا.

گری ئەو ئاورە لە سەعات ۹ی شەورا ئەوەندە بەرز بۆوە کە هەموو دەوروبەری رووناك کردبوو. ئەو کارە بوو بە هۆی خۆشحالیی خەلکی ناوچەکە.

بەگویرەی هەواڵ ئەو شتانەی کە لە ئاوردا سووتان بریتین لە:

۱ ـ چادری مۆلگە بە هەموو وەسایلیك کە تیی‌دا بووە. ۲ ـ بۆلدزیریکی گەورە ۳ ـ لۆدیریکی گەورە. ٤ ـ ماشینیکی کومپریسیی گەورە، کە هەموویان هی سوپای پاسداران بوون.

## پیرانشار

### کاری تەبلیغیی لایەنگرانی حیزب

● ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری پیرانشار شەوی ٤ی جۆزەردانی ۸۰ بەشیوەیەکی بەربلاو لەم شوینانەی خوارەوە کاری تەبلیغی‌یان ئەنجام داوە:

شەقامەکانی: بەهەشتی، بیهەورزی، قودس، سەید قوتبی شەرقی و سەید قوتبی غەربی، ساحلی و هەروەها فەرمانداری و کۆلانەکانی دەوروبەری، ئیستادیۆمی وەرزشی، کۆلانەکانی دەوروبەری موجتەمەعی فەرهەنگی، کۆلانەکانی دەوروبەری قوتابخانەی میهدی، قوتابخانەی کورانەی سەدوقی، دەوروبەری شارەداری، دەوروبەری پاسگای ژمارە یەکی خانێ، فەرهەنگیانی ژمارە یەکی گوندی پەسوێ و گوندەکانی: گردك شانە، ئەندیزێ، شنۆزەنگ.

### تەقینەوەی مین

● رۆژی ۸۰/۳/۵ کەسیك بەناوی سلیمان رەمەزانی خەلکی ئاوایی قوولەبی سەر بە شاری پیرانشار لە کاتیك دا کە لە کویستانەکانی زیوکەو ماشکان لە نیزیك سێچۆمان خەریکی لەوەراندنی مەرومالات بوو کەوتە سەر مەیدانی مینی هیزە چەکدارەکانی ریژیمەوەو بەداخەوە بەهۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەست دا.

### رەفتاری بەکریگیراوانی جینایەتکاری ریژیم لەگەڵ خەلك

● رۆژی ۸۰/۳/۵ ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی ریژیم لە ژیر چاوەدیریی "جەنگجوو" فەرماندەری شناسایی سوپای پاسدارانی پیرانشار لە ناوچەی زیوکەو ماشکان هیرشیان کردە سەر ژمارەیەك لە کاروانچی‌یەکان و تەقەیان لێکردن و لە ئاکام دا کەسیك بریندار بوو کە نیردرا بۆ نەخۆشخانە.

## سەلماس

رۆژی ۹ی جۆزەردانی ۸۰ کەسیك بە ناوی موزەفەر محەممەدی کوری سادق خەلکی گوندی خورخورە سەر بە ناوچەی سەلماس کە بۆ موعامەلە چووبوە سنووری تورکیە لە کاتی گەرانەوەدا کەوتە نیو کەمینی بەکریگیراوانی ریژیم و تەقەی لێکرا، لە ئاکام دا گیانی لە دەست دا. ☼

## تەوریز

سەعاتی ۱۰ی شەوی هەینی ۱۱ی جۆزەردانی ۸۰، لە دەوروبەری پارکی "شاهگولی" ماتۆر سواریك، ژنیکی وەبەرداو دەست و پیی شکاند. مەئموورانی دەولەتی و ژمارەیەك لە خەلکیش دەگەنە شوینی رووداوەکە بەلام مەئموورەکان ریگا بە ماتۆرسوارەکە دەدەن کە شوینی رووداوەکە بەجێ‌بیلێ، ژنە بیچارەو لیقەوماوەکەش هەر بەو وەزعەوە بەجێ‌دیلن.

## بەشی یەکەمی هەلبژاردەی

# راپۆرتی ریکخراوی نیونەتەوەیی لیخۆشبوون لە بارەی ئیران

دریژەی لاپەری ١

### رابردوو

هەلبژاردنی پارلمانی، کە لە دوو قۆناغ دا، لە مانگەکانی فیوریەو ئاوریل دا بەریوە چوو، ریگای بۆ خەبات لە پیناوی ئازادیی بیرو رادەبرینو پیکهینانی کۆرو کۆمەلی جۆراوجۆردا خۆش کرد. لایەنگرانی پریزیدینت خاتەمی، سەرکەوتنی بەرچاویان لەو هەلبژاردنەدا وەدەست هینا. بەرپرسانی تازە بە بەرنامەی بەرزەفرانەی خۆیان، واتە ریفورم لە بوارەکانی کۆمەلایەتیو سیاسیدا دەست بەکار بوون. ئەگەرچی هەتا کۆتایی سالْ تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە قانوونەکان لەو بوارانەدا پەسند کرانو بەریوە بران.

کۆمیسیۆنە تازە پارلمانییەکان سەردانی زیندانەکانیان کردوەو لە بارەی بارودۆخی زالْ بە سەر زیندانەکان دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردۆتەوە. دەستیان بە ریفورمی قەزایی کردوەو دەستەبەر (ضمانت)ە قانوونییەکانیان لە بارەی ئازادیی بەیانەوە هیناوەتە بەرباسو لیکۆلینەوە.

یاسای چاپەمەنی کە لە مانگی ئاوریل دا لەلایەن پارلمانەوە پەسند کراوە، زۆر ریوشوینی توندو سەختگیرانەی تیدا گونجاون کە بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادیی بیرورا دەربرین کەلکیان لی وەرگیراوە. لە مانگی ئووت دا، نوینەرانی تازە هەلبژیردراو بە چاککردنی یاسای چاپەمەنی، چەند گەلالەیەکی نوییان پیشنیار کرد، بەلام بە هۆی خۆ تیهەلقوتاندنی ریبەر لە کارو باری مەجلیس دا ریفورمەکان راگیران.

لە ماوەی ئەو سالەدا بە هۆی ریپیوانو خۆپیشاندانی کۆمەلانی خەلك لەناوەندی ئوستانەکان دا بە دژی هەلومەرجی نالەباری کۆمەلایەتی، ئینتیزامیو . . . بە دەیان کەس دەستبەسەر کران. نارەزایەتی دەربرینی خویندکاران لە دریژایی سال بەردەوام بوو. لە تاران، تەوریزو شارەکانی دیکەدا، ژمارەیەکی زۆر لە یادی سالوەگەری خۆپیشاندانی ژانویەی سالی ١٩٩٩ی تاران دا مەراسمیان پیك هینا، لە حالیك دا کە لە خورەم ئاباد ناوەندی لورستان، لە مانگی ئووت دا ریگەیان نەدا کە دوو ئاخوندی ناسراوی ریفورمخواز لە کۆنفرانسیك دا کە لەلایەن ریکخراویکی خویندکارییەوە پیك هاتبوو، قسە بکەن. بە گویرەی هەوالْ، پاش هەللاو هەنگامەیەك کە بەو هۆیەوە ساز بوو، بە دەیان کەس بریندارو دەستبەسەر کران. ئەو لیکۆلینەوە جیاجیایانەی کە لەلایەن مەجلیسو شوورای ئەمنییەتی میللییەوە ئەنجام دران، نیشانیان دا کە بەرپرسانی سپای پاسدارانو هیزە بەسیجییەکان، هۆکاری سەرەکیی وەریکەوتنی خۆپیشاندانەکەو هەروەها بریندار بوونی ئەفرادی ناوبراو بوون.

ریکخراوی موجاهیدینی گەلی ئیران (PMO) هیرشی چەکدارانەی خۆی بۆ سەر کاربەدەستانی پایەبەرزی ریژیم دریژە پیدا. بۆ وینە بە کەلك وەرگرتن لە خۆمپارە هاویژ، لەمانگی فیوریەدا هیرشی کردە سەر هیزە ئەمنییەتییەکان لە تاران کە بە پیی هەوالْ لەو هیرشەدا، ژمارەیەك لە خەلکی بیدیفاع بریندار بوون.

### ئازادیی بەیان

لە هیرشیکی بیوینەدا دژی ئازادیی بەیانو کۆبوونەوەکان، لانیکەم ٣٤ کەس لە نووسەران، رۆژنامەنووسانو پاریزەرانی مافی مرۆڤ پشکینرانو دەستبەسەر، موحاکەمەو هیندیکیان ئەشکەنجە کران. لانیکەم دوازدە کەس، کە زۆربەشیان پاش موحاکەمەیەکی ناعادیلانە، زیندانی کران. ئەو جۆرە هەلسوکەوتە دزیو و دەستدریژییانە بۆ سەر مافەکانی خەلك، لە ئاکامی ئەو سکالایانەدا بوون کە لەلایەن ئەفرادو دەزگاکانی سەر بە ریژیمەوە کە زۆربەیان لە ژیر دەسەلاتی ریبەر دان، دەکران. ئەو نامانەی کە زۆرجار کراونەتە گورزیکی "قانوونی" بۆ سەرکوتی خاوەنرایانو رۆژنامەنووسان. ئەمانەو کەسانی دیکەش بە پیی یاسا لیلو شیواوەکان، لە دادگای شۆرشو دادگای تایبەتیی رووحانییەت دا، موحاکەمە کراون. ئەو دادگایانەی کە شیوەی کارەکەیان بە زۆری لەگەلْ ستانداردە نیونەتەوەییەکان دا ناتەبایە. ئەم کەسانە بە تاوانی دەربرینی بیرورای خۆیان زیندانی کراون. لانیکەم ٣٠ بلاوکراوە کە زۆربەیان لایەنگری گرووپە ریفورمخوازەکانن، بە پشت بەستن بە قانوون، یا ویکرا داخران یا هەلپەسیران.

نووسینی چەند بابەت لە رۆژنامەکان دا لەسەر دەرکردنی حوکمی مەرگ، بووە هۆی زیندانی کرانی دوو کەس، لەتیف سەفەری، سەرنووسەری رۆژنامەی "نشاط" کە مانگی ئاوریل بە دووسالْ و نیو زیندان مەحکوم کرا. لە مانگی ئوکتۆبریش دا سزای "عمادالدین باقی"، یەکیك لە نووسەرانی رۆژنامەی "فتح" لە لایەن دادگای پیداچوونەوەوە لە ٧ سالەوە کرا بە ٣ سالْ. ناوبراو لە مانگی مایدا دەستبەسەر کراو لە ماوەی ئەو دوو جار دادگاییکردنەدا هەر لە زیندان دا بوو.

ئەو نووسەرانەی کە باسی مەسەلەی ریفۆرمیان لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەلایەتیدا دەکرد یا ئەوانەی کە رەخنەیان لە ریبەرانی سیاسی دەگرت، زۆربەیان بە پشت بەستن بە دەقە شیواوە قانوونییەکان تاوانبارو دەستبەسەرو زیندانی کراون.

ـ لە مانگی ئووت دا، رۆژنامەنووسانی وەك ئەحمەد زەید ئابادی، لە رۆژنامەی "همشهری"یەوە، مەسعود بیهنوود لە رۆژنامەی "عصر آزادگان"ەوە بە فەرمانی دادگای کارمەندانی دەولەت دەستبەسەر کران. محەمەد قووچانی بە دانی زەمانەت لە مانگی سیپتامبر دا ئازاد کراو بریارە لە داهاتوودا موحاکەمە بکری، مەسعوود بیهنوودیش بە دانی زەمانەت لە مانگی سیپتامبر دا ئازاد کرا. ئەحمەد زەید ئابادی هەروا تا کۆتایی سالْ دەستبەسەر بوو و هیشتا موحاکەمە نەکرابوو.

ـ لە مانگی نوامبر دا، بەریوەبەرانی بلاوکراوەی "ابرار" بە تاوانی بلاوکردنەوەی "درۆودەلەسە"و کۆمەلیك تاوانی دیکە موحاکەمە کران. لە مانگی دیسامبر دا، سەرنووسەری بلاوکراوەی "یالثارات الحسین" لە دادگای چاپەمەنی دا موحاکەمە کرا. تا کۆتایی سالْ ئاکامی ئەو موحاکەمانە هیشتا رانەگەیەندرابوون.

ـ بەگویرەی ئەو راپۆرتانەی بەدەستمان گەیشتوون، مەحموود سالحی یەکیك لە ریبەرانی یەکیەتیی بازرگانی، لە پیوەندیی لەگەلْ چالاکییەکانی یەکیەتییەکەدا، لە مانگی ئووت را بۆ ماوەی ٦ مانگ لە شاری سەقز زیندانی کرا.

### کۆنفرانسی بیرلین

کۆنفرانسیکی زانستی کە لە مانگی ئاوریل لە بیرلین دا بەریوەچوو و لەودا ١٧ کەس لە زانایانی ئیرانی بەشدار بوون، لە لایەن گرووپە سیاسییە دوورخراوەکانی ئیرانەوە تیك درا، دامەزراوەی رادیۆو تەلەویزیۆنی دەولەتیی ئیران لە کۆنفرانسەکە فیلمی هەلگرت و فیلمەکەی لە ئیران دا بلاو کردەوەو هەللایەکی زۆری لە نیوخۆدا لیساز بوو. پاش گەرانەوەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە بۆ ئیران، خرانە ژیر لیکۆلینەوەو زۆربەیان بۆ ماوەیەکی زۆر دەستبەسەر کران و لە مانگەکانی ئۆکتۆبرو نوامبردا بەشداران و وەرگیرانی بابەتەکانی کۆنفرانسەکە بە تاوانی پیوەندی لەگەلْ کۆنفرانسەکە موحاکەمە کران. تیکرا تاوانی قورس و لە هەمان کات دا ناروون لە پیوەندیی لەگەلْ ئەمنییەتی میللی و "بانگەشە دژی دەولەت"و "سووکایەتی بە ئیسلام"یان خرایە پالْ. هیچ چەشنە حوکمیك تا کۆتایی سالْ رانەگەیەندرابوو. بەلام یەکیك لە پاساوەکانی دادگا بۆ موحاکەمە کردنی ئەو کەسانە قسەکانی ئەوان لە کۆنفرانسەکە دابوو کە دەقی قسەکان بە بەلگەی قانوونییەوە، بلاو کرانەوەو خرانە بەرچاوی خەلك.

←

ـ ئەکبەری گەنجی، ڕۆژنامەنووس لە ٢٢ی ئاوریل دا دەستبەسەر کرا. ناوبراو پێش لەوەی لە مانگی نوامبردا موحاکەمە بکرێ بەشی زۆری ١٩٠ ڕۆژ دەستبەسەریی خۆی لە زیندانی تاکەکەسی دابوو. ناوبراو لە ڕۆژی دادگایی کردنەکەیدا ڕایگەیاند کە ئەشکەنجە کراوە.

ـ مێهر ئەنگیزی کار، پارێزەرو شەهلا لاهیجی، بڵاوکەرەوە، کە هەردووکیان لە پارێزەرانی مافی ژنانو عەلیی ئەفشاری، کە یەکێك لە ڕێبەرانی [بزووتنەوەی] خوێندکاریە، هەموویان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگو بە بێتاوان دەستبەسەر کران. لە مانگی نوامبردا ڕێگەیان بە مێهرئەنگیزی کار نەدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ئێران بچێتە دەرێ.

ـ "حجت الاسلام" حەسەنی یووسفیی ئیشکەوەری، لێکۆلەر، پاش ئەوەی لە ٥ی مانگی ئووت دا لە ئورووپا گەڕایەوە، لە مانگی ئوکتوبردا پاش دادگایەکی ناڕەوا لەلایەن دادگای تایبەتیی رووحانییەتەوە مەحکووم کرا. ناوبراو کۆمەڵێك تاوانی لێڵو ناروونی لە پێوەندیی لەگەڵ "ئەمنییەتی میللی"دا، سووکایەتی کردن، لە دین وەرگەڕانو دژایەتی لەگەڵ خوداو پەرەپێدانی فەساد لە جیهان دا درایە پاڵ کە دیارە سزای ئەم جۆرە تاوانانە مەرگە، بەڵام تا کۆتایی ساڵ، مەحکوومییەتەکەی ڕانەگەیەندرابوو.

ـ لە مانگی دێسامبردا، عەلیی ئەفشاریو عیزەتوڵلا سەحابی سەرلەنوێ دەستبەسەر کرانەوە. لە حالێك دا لە کۆتایی ساڵدا هێشتا لە زیندان دابوون، ڕێگەیان پێنەدەدرا چاویان بە بنەماڵەو پارێزەر(وەکیل)ەکانیان بکەوێ.

## موحاکەمە ناڕەواکان

زۆر شێوەی بە تەواوی خەوشدارو پڕ لە کەموکووڕی بۆ موحاکەمەکان، بە تایبەت لە دادگاکانی شۆڕشو لە دادگای تایبەتیی ڕوحانییەت دا بەردەوام بوو.

ـ لە مانگی ژوئیەدا دادگای شۆڕش لە شیراز دە کەس لە جوولەکەکانی ئێرانی بە تۆمەتی سیخوری بە ٣ تا ١٣ ساڵ زیندان مەحکووم کرد. سێ پیاو بە بێتاوان ناسران، سەرەڕای ئەوەی کە کاربەدەستانی ڕێژیم پەیتا پەیتا بەڵێنیان دەدا کە ئەوانە بە شێوەیەکی عادیلانە موحاکەمە دەکرێن، بەڵام موحاکەمە کردنی ئەوان بە نهێنی بەڕێوە چوو. بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕێوشوێنی عادیلانەی موحاکەمە نێونەتەوەیییەکان نەدەگونجان. لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمی ١٠ کەسیان کەم کرانەوەو بوون بە ٢ تا ٩ ساڵ.

ئەم ڕاپۆرتانەی دەگەیشتنە دەستمان ئەوەیان نیشان دەدا کە دەیانو لەوانەیە بە سەدان کەس لە زیندانییە سیاسییەکان، بە تایبەت زیندانییەکانی بیرو باوەڕ، کە پاش دادگاییەکی ناعادیلانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا حوکمیان بەسەردا درابوو، هەروا لە زیندان دابوون. دەیان کەس لەو خوێندکارانەی کە پاش خۆپێشاندانی مانگی ژوئیەی ١٩٩٩ دەستبەسەر کرابوون، بە تایبەت ئەوانەی لایەنگری حیزبە لائیك و سیاسییە قەدەغە کراوەکان بوون، هەروا لە زیندانەکانی سەرانسەری وڵات دا مابوونەوە.

ـ لە مانگی دیسامبر دا، زیندانیی بیروباوەڕو جێگری پێشووی سەرۆك وەزیر، واتە "عباس امیر انتظام"ی تەمەن ٦٨ ساڵەیان سەرلەنوێ دەستبەسەر کردەوەو کردبوویانە سەری کە دەبێ "اعترافنامە"یەك ئیمزا بکا، لەبەر ئەوەی ناوبراو ئامادە نەبوو کارێکی وا بکا، دیسانەکە لە زیندانیان پەستاوت. ☼

دریژەی هەیە

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## فێنلاند

ڕۆژی یەکشەممۆ ٣ی ژوئەنی ٢٠٠١ لە شاری هێلسینکی پێتەختی فێنلاند هەیئەتێکی کومیتەی فێنلاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی فێنلاندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان (عێراق)و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر پێویستیی نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کوردو دەرهێنانی ئەم کێشەیە لە حاڵەتێکی ئینسانیو هومانیتەری بۆ کێشەیەکی سیاسی، باسو گفتوگۆ کرا. لایەنەکان کومیتەیەکی هاوبەشیان پێك هێنا بۆ کۆبوونەوەو فۆرمۆلە کردنی پرۆژەی ڕێکخستنی کۆنفرانسێك لە سەر کورد لە پارلمانی فێنلاند دا.

## سوئێد

☼ هاوڕێ دوکتور حوسین خەلیقی ڕۆژەکانی ٢ و٣ی مانگی ٢٠٠١/٦ لە شاری "یۆتەبۆری" لە سیمینارێك دا بە ناوی "وەزعی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئێرانو دووره دیمەنەکان" (اوضاع سیاسی ـ اجتماعی ایران و چشم اندازها) بەشدار بوو.

لایەنەکانی دیکەی بەشداری ئەو سیمینارە بریتی بوون لە بەڕێزان:

١ـ پیران ئازاد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار (راه کارگر)

٢ـ بێهروز خوسرەوی لە ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران

٣ـ هەڵمەت ئەحمەدیان لە حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە)

٤ـ داریووش هومایون لە حیزبی مەشرووتەخوازانی ئێران

٥ـ مەجید عەبدولرەحیم پوور ئەندامی شوورای ناوەندیی فیداییەکانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)

٦ـ خاتوو سیمین مەنزەر لێکۆڵەر لە زانکۆی کالسکۆ

لەو سیمینارەدا هەردووك ڕۆژ نزیك بە ١٥٠ تا ٢٠٠ کەس بەشدار بوون. گەلێك باسی گرنگو هەڵوێستی جۆراوجۆر هاتنە گۆڕێ. بەرچاوترینی باسەکان، باس لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران (٢٠٠١/٦/٨)دابوو.

دیارە جگە لە نوێنەری چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)و نوێنەری مەشرووتەخوازان هەموو لایەنەکانی دیکە پێیان لە سەر تەحریمی ئەو هەڵبژاردنە داگرت.

***

☼ هەموو ئەندامانو جێگرانی کومیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ گرتنی کۆنفرانسی ڕێکخراوی حیزب لە مەڵبەندی خوارووی سوئێد، ڕۆژی ٢٠٠١/٦/٢ چوونە شاری "یوتەبۆری" کە دوای ستۆکهۆڵم دووهەمین شاری سوئێدە. کونفرانسەکە کە بە بەشداریی ئەندامانی شاری "یوتەبۆری"و "بۆرۆس" پێك هات و هەتا سەعاتی نۆی شەوی خایاند.

کونفرانسەکە لە لایەن لاوترین ئەندامانی کومیتەوە بەڕێوە چوو. پاشان یاریدەدەری بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە سوئێد سەکینەی حوسێنی، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لە سوئێد، کامران قازی، بەرپرسی یەکیەتیی کوردان هاوڕێ عوسمان مەحموودیو بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی سوئێدو بەرپرسی گشتیی کومیتەی سوئێد بەشداری کونفرانسەکە بوونو هەرکام لە سەر بەشی خۆیانو لە جێی خۆیو لە کاتی پێویست دا ڕوونکردنەوەو تێبینیی پێویستیان بە بەشدارانی کونفرانسەکە ڕاگەیاند.

هاوڕێ کەریم حاجی ڕەسوڵی کە هەتا کاتی گرتنی ئەو کونفرانسە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە جنووبی سوئێد بوو، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی پێشکەشی بەشدارانی کونفرانس کرد کە بە زۆربەی دەنگ تەئیید کرا.

# عەزیزی یووسفی،

# نموونەی رووناکبیریکی شۆڕشگێر

دریژەی لاپەری ١

کاتیك کە ریکخراوی لاوانی کوردستان پیك هات، کاك عەزیزو زۆر لە هاوالەکانی بوون بە ئەندامی ئەو ریکخراوەو زۆر چالاکانە هەڵ دەسووران.

دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستانو شەهیدکرانی پیشەواو هاوریکانی، زۆرکەس دوچاری ناهومیدی بوون، بەڵام کەم نەبوون ئەو رۆلە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان کە هەر زۆر زوو بۆ هەستاندنەوە سەرپیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئازایانە وەخۆ کەوتنەوە. کاك عەزیز یەکیك لەو رۆلە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان بوو.

لە سالی ١٣٢٧دا، پولیسی شا، کە لە هەلسوورانی کاك عەزیزو هاوریکانی دردۆنگو بەگومان ببوو، ژمارەیەکی لیگرتنو دادگایی کردن. کاك عەزیز یەکیك لەوان بوو.

کاك عەزیز دوای ئازادبوونی لە زیندانی تەوریزو گەرانەوەی بۆ مەهاباد، سەر لە نوێ کارو تیکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکردەوەو، ئەمەش هاوکات بوو دەگەڵ پەرەئەستاندنی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی خەلکی ئیران لە ژیر ریبەرایەتیی "جبهەء ملی"و بە سەرۆکایەتیی دوکتور محەمەدی موسەدیق.

پاش کودیتای شا لە دژی حکوومەتی دوکتور موسەدیق، کاك عەزیز بە نهینی تیکۆشانی خۆی دریژە پێدا، بەڵام سەر لە نوێ گیرایەوەو بە زیندان مەحکووم کرایەوە. دوای چەند ساڵ زیندانی بوون، لە سالی ١٣٣٥ ئازاد کراو چوو بۆ تارانو لە شیرکەتیکی غەیرە دەولەتی دامەزرا.

لە سەرەتای سالی ١٣٣٧دا، کاك عەزیز بەمەبەستی کاری حیزبی لە تارانەوە بەرەو کوردستانی عیراق وەرێ کەوت، بەڵام لە گوندی باڵانیشی نزیك ورمێ گیرا. لەکاتی دەسگیربوونیدا، چەند بەلگەیەکی حیزبی کە لە گیرفانیدا بووە بە دەستەوەی نەدانو لە ژیر لیدانو کوتانی چەکدارەکانی ریژیم دا، هەمووی خواردن.

جوامیریو ئازایەتیی کاك عەزیز بەرادەیەك بوو کە لەماوەی ١٦ مانگی رەبەق دا کە لە زیندان دا مابۆوە، سەرەرای ئەوەی کە لەو ماوەیەدا بە نیوبر ئەشکەنجە دەکرا، هیچ شتیکی نەدرکاندو ناوی هیچ کام لەو کەسانەی نەبرد کە لە بواری حیزبایەتیدا پیوەندییان دەگەلی هەبوو. بەڵام، کاتیك لەمانگی خەزەلوەری ١٣٣٨دا، دوو ـ سێ کەس لە کادرەکانی حیزبی لە کوردستانی ئیران گیرانو ریکخراوەکانی حیزب لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە سنەوە هەتا ورمێ، ئاشکرا بوونو ئەندامەکانیان بەدەستی ساواك گیرانو لە "قزل قلعه" خرانە بەندیخانەوە، دەکرێ بلیین هیچ شتیکی نهینی نەمابۆوە، کاك عەزیزیش ناچار بوو چالاکییە حیزبییەکانی بدرکینێ. (*)

لە دادگای نیزامیی "بدوی" (سەرەتایی)دا، کاك عەزیزو دوو کەس لە ئەندامانی ریبەریو کادریکی نهینیی حیزب بە مەرگ مەحکووم کران. لە دادگای "تجدیدنظر" مەحکوومییەتی کادرەکە کرا بە زیندانی ئەبەد. بەڵام بەریوەبردنی حوکمی مەرگ کە دەبوو ئەوپەرەکەی دوای قبووڵ نەکردنی داوای "استیناف"ی ئەو سێ کەسە بەریوە چووباو هەر سیکیان ئیعدام کرابان، ریژیمی شا هەروا دەستی راگرتو بەریوەبردنی ئەو حوکمانەی وەدوا خست. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە شا لە دەنگدانەوەی کوشتنی ئەو کەسانە لە نیو کۆمەلانی خەلکی کورددا دەترسا. بیجگە لەوەش هەم خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیو، هەم وەزیری فەرهەنگی ئەوکاتی فەرانسە، خوالیخۆشبوو ئاندرێ مالیرۆ، کە کوردناسیکی مەزن بوو، داوای بەخشینیان بۆ کردن. لە ئاکام دا، دوای چوار مانگان بەو سێ کەسەیان راگەیاند کە شا لییان خۆش بووەو، حوکمەکەیان شکاوەو کراوە بە زیندانی ئەبەد.

کاتیك هاتنو ئەو هەوالەیان راگەیاند، کاك عەزیز گوتی: "ئەگەر بەخشینو لیبووردنیك لە گۆڕێدا بێ، ئەوە ئیمەین کە دەبێ لە تاوانی ئەو جینایەتکارانە خۆش بین، کە هەرگیز لییان خۆش نابین."

هاوریی نەمر عەزیزی یووسفی لە کونفرانسی یەکەمی حیزب دا (بەهاری ١٣٣٤) بە ئەندامی کومیتەی بەریوەبەریی حیزب هەڵبژیردرا. لە کونگرەی دووهەمی حیزبیش دا (سەرماوەزی ١٣٤٣) لە حالیك دا لە زیندان دا بوو، بە شیوەیەکی غیابی، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژیردرایەوە.

بەم جۆرە کاك عەزیز هەتا سالی ١٣٥٦ لە زیندان دا مایەوەو سەرەنجام بە هەوڵو کۆششی ریکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان ـ لەم پیناوەدا دوکتور قاسملووی شەهید نەخشیکی زۆر باشی هەبوو ـ لە زیندان ئازاد کراو زۆری پێنەچوو کە بە هۆی نەخۆشیی دڵ، لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٥٧، لە تاران دلی پڕئاواتی بۆ هەمیشە لە لیدان کەوت. شایانی باسە، کە نەخۆشیی دلی کاك عەزیز زیاتر بەهۆی ئیشی گورچیلەکانی تووشی بوو، ئیشو ئازاریك کە لە سەرانسەری ماوەی ئاخرین دەورەی زیندانیبوونی دەگەلی بووو، ئەویش بەهۆی ئەشکەنجەوە لیی پەیدا بوو.

هینانەوەی تەرمی پیرۆزی کاك عەزیز بۆ مەهاباد، یەکیك لەو رووداوە گرنگانەیە کە لە کەم شاریك دا بینراون. چونکە خەلکیکی ئەوەندە زۆر بۆ پیشوازی لە تەرمەکەی ـ بەشیك هەتا مەراغەو بەشیك هەتا میاندواو ـ بەرەوپیری چووبوون کە ماشینەکانیان زیاتر لە ١٠ کیلومیتران جاددەیان گرتبوو. لە ریورەسمی بە خاك ئەسپاردنی لە گۆرستانی ئەسحابەی سپیدا، حەشیمەتیکی ئەوەندە زۆر کۆببۆوە کە ریی ریداری نەبوو. دیارە بەشیکی بەرچاوی ئەو حەشیمەتە خەلکی شارەکانی کوردستان، هەر لە کرماشانو سنەوە بگرە هەتا ورمێو سەلماس بوون. ژمارەیەکی زۆریشیان تورکی ئازەربایجانی دەگەڵ بوون کە کاك عەزیزیان دەناسی.

هەروەك نووسەری شۆرشگیرو بەناوبانگی تورك "صمد بهرنگی" گوتوویەتی: "بۆم گرنگ نیە لە کوێو کەنگێ دەمرم، گرنگ ئەوەیە کە مردنەکەم چ شوینەواریك لەسەر ژیانی ئەوانی دیکە دادەنێ. مردنی کاك عەزیزیش بوو بەهۆی هەژاندنی هەستی توورەییو بیزاریی خەلکی بەشدار لە ریورەسمەکەداو، لە پڕ لە هەموو لایەکەوە دەنگی دروشمدانی ئەو خەلکە بەرز بۆوەو، بەرەنگاریی دەگەڵ هیزەکانی پولیسو ساواك دەستی پێکرد کە هەتا ئیوارە درەنگانیك هەروا دریژەی هەبوو. ئەوەش لە راستیدا یەکەم تەقینەوەی رقوقینی خەلك بوو لە کوردستانی ئیران کە پاش راپەرینی خەلك لە شارەکانی قومو تەوریز سەری هەڵدابوو.

سەبارەت بە کەسایەتیی کاك عەزیز ـ بەشایەدیی هەموو ئەو کەسانە کە لە زیندانەکانی شاو لە دەرەوەی زیندانیش لیی نزیك بوون ـ دەبێ بلیم کە بیجگە لە ئازایەتییەکەی کە لە ئیمان بە ریبازەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، یەکجار دڵ ئاوەلەو بەخشەندە، با سەوادو لە نووسین دا خەت خۆشو بەتوانا، بێدەعیەو بێهەوا، داوینپاکو راستگۆو "رك و راست" بوو.

یادی کاك عەزیزو هەموو ریبوارانی شەهیدی ریگای ئازادیی گەلی بەشخوراوو دابەشکراومان پیرۆز بێ.


---

**(*) ئاماژەکردن بۆ ئەم راستییە دەتوانێ تا رادەیەك ئازایەتیو خۆراگریی کاك عەزیز لە بەرامبەر ئەشکەنجەگەرانی ساواك دا نیشان بدا. لە سالەکانی دەیەی ١٣٤٠دا، "استوار"یکی ئەرتەش بەناوی "ساقی" دەستەراستو هەمەکارەی "سپهبد" تەیمووری بەختیار (سەرۆکی ساواك)و، بەرپرسی زیندانی "قزل قلعه"بوو. ساقی، هەرچەند بەتەواوی لە خزمەت ریژیمی پاشایەتیدا بوو، بەڵام پیاویکی جوامیرو بەدڵو دەروون بوو؛ زۆری قین لەو زیندانییانە بوو کە ترسەنۆك بوونو لە ژیر ئەشکەنجەدا خۆیان رانەدەگرتو هەرچی بیانزانیبا دەیاندرکاند. ساقی زۆر جاران بەسەر ئەو جۆرە کەسانەیدا دەگۆراندو بە فارسی پیی دەگوت: "سەگباب! ئەتۆش ناوی خۆت ناوە شۆرشگیر؟ لیرە پیاوی وەك [خوسرەوی] روزبەی لی گیراوە. ئەگەر پیاوی ئەو جۆرە کارانە نەبووی، چت بەو کارانە دابوو؟" بەڵام هەر ئەو "استوار" ساقییە ئەو پەری ریزی لە کاك عەزیز دەگرتو، هەرکات یەکیك لە زیندانییەکان داخوازییەکی هەبا کە جێبەجێ کردنی بۆ ساقی دژوار با، سویندی دەخوارد کە نابێ. سویندەکەشی هەمیشە بەسەری کاك عەزیزی بوو. چونکە ـ هەروەك پیشتریش باس کرا ـ کاك عەزیز ماوەی ١٦ مانگان لە ژیر ئەشکەنجەو ئازاردا خۆی راگرتبووو هیچ شتیکی نەدرکاندبوو. بەڵام دەکرێ بلیین هەموو جاریش کاك عەزیز داخوازەکانی زیندانییەکانی پێ جێبەجێ دەکرد.**

# ئەدەب و هونەر

## تریفەی بە درۆ

مەریوان ١(لە مەهابادەوە)



چیو دەوێ وەك گورگە مێش
بەر بوونە خێڵی هەوار؟
ئێوە ئەی شێری قسان!
ئەی لەبن هێنەری کێوان بە خەیاڵ!
ئەی تریفەی بەدرۆی
ئەستەمە ڕێی مانو نەمان!

☆☆☆

کەی شەتاون بۆ بەرو بوومی هەژار؟
کوا نەمام چێنی ئەوینن؟
پێکوڵی جاڕو بەیار!
کەی تەوژمی تێشکی خۆرن،
دارمێنی کۆشکی شەوگاری بەسام؟
ئێوە ئەی سرتە دزی
پڕ لە دەهۆی شارودیار!

✪✪✪

ژمارە ٣١٣، ٢١ی جۆزەردان ١٣٨٠، ١١ی ژوئەنی ٢٠٠١

## خێڵی درۆ

سوارە ئیلخانی زادە

ئێوە کێن خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتەجێی شاری بە گرمەو دووکەڵ
پێم بڵێن ئێوە چکارەن، چ کەسن
ئێوە ئەی کرمی کتێو
یاری غاری هۆدە
بە گەرووی قاسپەکەوی کەوتارێن
جاڕی کام گومبوو ئەدەن، وا بە هەلپەو بە دهۆ
ئێوە میراتگری کام جێ لەوەرن؟
ئێوە حاشارگری رووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوا نەکا بای بەتەوژمی کوێستان
لابەرێ پەردە لە سەر باڵاتان
دەرکەوێ هەر دەکوژن دوورا و دوور.
ئێوە کەی شێری چیان
بەردەماوخۆری توڵەو گورگی گەڕن.
قاقرەگیانە هەوای بەرپشتێن
شورەکاتێکە کوژەی خەلفی دەست
زەلکەیە کۆڕەکەتان ئێوە زەلن
هەر بەبایەك دەگەڕێن بێ دەربەست
کام بەیان بەر بوو لە بەندی شەوە زەنگ
کام کولەی شۆڕ بە نەفەستان لاچوو
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان؟
ئێستە واگرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە
ئێوەن و ئێوەن لۆکەی گوێتان
بەسیەتی، بەسیەتی، واهات، واچوو

**١٣٥٤ ـ تاران**

# پووشکین شاعیرێک کە لە "دوئێل" دا کوژرا

**وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: عومەر باڵەکی**

ساڵی ١٧٩٩ نوختە گۆڕانێك بوو لە ئەدەبیاتی دنیا بە تایبەت ئەدەبیاتی رووسیەدا. لەو ساڵەدا "الکساندر سرگویچ پوشکین" چاوی بە دنیای روون هەڵێنا کە لە ساڵەکانی دوایی‌دا بوو بە یەکێك لە بەناو بانگترین شاعیرەکانی دنیاو بەرهەمەکانی دوای تێپەر بوونی ٢٠٢ ساڵ بە سەر لە دایك بوونی‌دا، ئێستاش بە پڕ نێوەرۆکترین شێوەی کلاسیکی ئەدەبیاتی رووس دەژمێردرێن.

پووشکین لە بنەماڵەیەك دا گەورە ببوو، کە باوکی پلەو پایەی ئەشرافی گوندی هەبووو دایکیشی لە بنەچەدا خەڵکی حەبەشە بوو. شاعیر، سەردەمی منداڵیی خۆی لە هەلومەرجێك دا تێپەر کرد کە فەرهەنگو ئەدەبیاتی بێ نێوەرۆك لە دنیاداو بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەهەم سەری هەڵ دابوو.

ساڵی ١٨١١ چۆتە قوتابخانە، لە چوارچێوەی قوتابخانەدا ئاڵوگۆری بنەرەتی لە دەروونی دا پێك هاتو لەو شوێنە زیاتر هەستی بە لێك نزیك بوونەوەو خۆشەویستی دەکرد. هۆنینەوەی هونراوەی لە قوناغەکانی سەرەتایی را دەست پێ کردو سێ‌ساڵ دواتر (١٨١٤) یەکەم هونراوەی لە "پیك اروپا"(پەیکی ئورووپا)دا چاپو بلاو بۆوە. دوای تەواو کردنی خوێندن بە رواڵەت بوو بە کارمەندی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەڵام قەت کاری لەو شوێنەدا نەکرد. هەر لەو ساڵەدا رویشت بۆ"سن پطرز بورگ"و لەوێ دا بوو کە بەرهەمێکی حەماسیی رۆمانتیکی بە ناوی"روسلانو لیودمیلا"ی خولقاندو لە ساڵی ١٨٢٠دا بڵاوی کردەوە. دوای بڵاو بوونەوەی ئەو بەرهەمە تەزاری رووس (ئەلیکساندری یەکەم) بریاری دا لە "پطرز بورگ" دەر بکرێ.

ماوەیەك لە "یکاتزینوسلاو" لە ماڵی یەکێك لە هەڤاڵەکانی مایەوەو لە کۆتایی‌یەکانی ساڵی ١٨٢٠تا ١٨٢٣ لە "کیف"درێژەی بە ژیان داو هەر لەوماوەیەدا بەشی زۆری کاتەکانی خۆی لە "کامتکا" بوو، ئەو شوێنە یەکێك لە ناوەندە شۆڕشگێری‌یە گەورەکانی ناوچەی "کیف" بووو هەر لەو سەرو بەندەدا بوو کە "دیلی قەفقازی" هۆنییەوەو لە "روسلان ولیودمیلا" سەرکەوتنی زیاتری وەدەست هێنا. هونراوەکانی"فواره باغچەء سرا" لەگەڵ چەند پارچەی کورت هەر لەو ساڵەدا نووسی، هەروەها نووسینی"یوگنی اونگین"ی لەو ماوەیەدا دەست پێ کرد.

لە ساڵی ١٨٢٨ بە هۆی کاری دەوڵەتی‌یەوە راگوێزرا بۆ "اودسا"، بەڵام دوای ماوەیەك بە هۆی رووداوێکی دڵداری‌یەوە لە کاری دەوڵەتی لابراو نەقلی "میخایلوفسکو" کراو لەو شارەدا لەگەڵ "مادام کرن" ئاشنا بووو ئەو ئاشنا بوونە بوو بە هۆی دڵداری‌یەکی بەسۆز کە تەنانەت لە ساڵانی دوایەش دا لە زۆربەی شیعرە دڵداری‌یەکانی‌دا ئەو ژنە هەوێنو بابەتی سەرەکی بوو. نیشتەجێ بوونی لە "میخایلوفسکو" بوو بە هۆی بەشداری نەکردنی لە راپەرینی مانگی دیسامبری ١٨٢٥، بەڵام پێوەندیی ئاشکرای هەبوو لەگەل شۆڕشگێران. تەنانەت تەزاری نوێ لەو پێوەندی‌یە ئاگادار بوو، بەو حاڵەش تا ماوەیەك چاویان لێ نووقاند. بەڵام لە ئاکام دا لە مۆسکۆ داوایان کرد تا بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەو لێ پرسینەوە. زۆری نەکێشا کە لێخۆشبوونی گشتی دەرچووو پووشکینیش وەبەر ئەو لێخۆشبوونە کەوت.

دوای زنجیرەیەك هاتو هووتی دڵداری لە ئاکام دا ساڵی ١٣٨٠ لە گەڵ کچێك بە ناوی "ناتالی کنجاروا"زەماوەندی کرد. لەو ساڵەدا ژیانی لە سەر فرۆشی کتێبە شیعرەکانی هەڵ دەسووڕاو ئاستی ژیانی بەرەو خراپی رۆیشت. چونکە داهاتی ئەو کارەو بازاڕی فرۆشی کتێب بەرزو نزم بوونەوەی زۆر بوو، بە تایبەت کە هاوکات بوو لەگەڵ دەسەڵاتداریی "نیکلا" کە ترس و خۆف و سانسۆڕ سێبەری رەشی بەسەر هەموو رووسیە دا کێشابوو و ببووە هۆی پێشگیری لە چاپ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی پووشکین، بە جۆرێك کە "بوریس گادونوف" ماوەیەکی زۆر بوو راگیرابوو. ژیانی هاوبەشی پووشکین و خێزانی لە یەکەم ساڵ دا بە رواڵەت بەختەوەرانە بوو و لە ساڵی دوایی دا هێدی هێدی بوو بە گرفتێکی گەورە لە ژیانی شاعیردا. "ناتالی" ژنێکی سەرسەری‌و بێ‌هەست بوو و چووکترین ئۆگریی بە شێعرو کاری هاوسەرەکەی نەبوو. لەو دەورەیەدا (١٨٣١) پووشکین کەوتە سەروژێری خولڤاندنی ئەدەبی‌و ئیدی هیچ کام لە هۆنراوەکانی سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا. تەنانەت چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئەدەبیی "ساورەمنیك" لە ساڵی ١٨٣٦ دا، نەیتوانی ئەو جێگا بەتاڵە پڕ بکاتەوەو سەرکەوتنێکی بۆ پووشکین بەدواوە بێ، بەڵکوو ئەوی تووشی شکانێکی گەورە کردو لە راستی‌دا ئەوە بوو بە هۆی جووڵانی شاعیرو وەخۆهاتنەوەی وی‌و بڕیاری دا خۆی لەو وەزعە رزگار بکا وبڕوا بۆ شوێنێکی تر. بەڵام پێی راگەیەندرا ئەگەر شار بەجێ بهێڵێ وەزعەکەی خراپتر دەبێ‌و بەو شێوەیە ئاڵقەی گەمارۆی شاعیر تەنگەبەرتر بووو، بوو بە هۆی لە دەستدانی گیانی.

"بارون ژرژ دانتە" یەکێك لە سەڵتەنەت خوازەکانی فەرانسەو خزمەتکاری دەرباری تەزار بوو کە لەگەڵ ژنەکەی پووشکین پێوەندیی پێك هێنابوو و لە "دوئێل"ێك دا کە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەنێوان "پووشکین"و "بارون" رووی‌دا، "پووشکین" برینێکی قووڵی هەڵگرت و دوای چەند رۆژ لە ٢٧ی ژانویەی ١٨٣٧دا گیانی لە دەست دا.

زۆربەی هۆنراوەکانی پووشکین بێجگە لە چەند دانەیەکیان نەبێ هەموویان پوختەو رەوانن. دروست کردنی وشە، رستەو هاوکێشی لە بەرهەمەکانی پووشکین دا شێوەیەکی یەك پارچە پێك دێنن، کە لەوان دا بێ کەم و کووڕی بەرزترین و نزمترین دیمەنەکانی ژیان نیشان دەدرێن. بەڵام هیچ کات پووشکین بە رێگای کلاسیکەکان یا رۆمانتیکەکان دا نەرۆیشت، بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەوان، جیاوازی‌یەکی ئاشکرا لە شێعرو نووسینی‌داو یا هەردووبوار جیهان بینیی شاعیر دەردەخەن.

❀❀❀

# "ڕۆژێکی پاییزی"

کەمال مەریوانی

ئەو شەوە مەرگت لا خۆشتر بوو، دنیای دەوروبەرت لا نامۆ بوو، ژوورەکەت وەك پاسێك دەهاتە بەرچاو، کەست نەدەناسی، دایك، باوك، خوشك. هەستت دەکرد لاشەت سستە، توانات نەماوە. لە نێو ژوورەکەت دا کەوتیتە هاتوچوکردن. جگەرەیەکت دەرهێنا، دات گیرساند، بەرەو دەزگای "ضبط صوت"ەکە چوویت، دەستت نا بە دوگمەکەی‌داو سەمفۆنیای مونومو کەوتە چریکاندن؛ چەند دەقیقەیەك گوێت لێ گرت.

تاقەتت نەهێنا، کوژانتەوە، قومێکی قوولت لە جگەرەکەی‌دا. بێ ئەوەی بزانی بۆ کوێ دەچی، چوویتە دەرەوە یەکراست ملی شەقامە گەورەکەت گرت، زۆر بە وردی هەنگاوت دەنا، لات دایە پارکێك. چاوت گێرا بۆ کورسی‌یەك، بینیتەوە، دانیشتیت، جگەرەیەکی ترت داگیرساند بەرەو ئاسمان ڕوانیت، کەوتیتە ژماردنی ئەستێرەکان، یەك ـ دوو ـ دە ـ پەنجا ـ سەد.

ـ نانا، ناژمێردرێن. من چۆن دەتوانم ئەو ئەستێرانە بژمێرم. هەرکات توانیم تاوانەکانی ئەم شارە بژمێرم، ئەوانەیشم بۆ دەژمێردرێن.

لە سەر کورسی‌یەکە خەوت لێ کەوت، ئیتر هەستت بە هیچ ئازارێك نەدەکرد، بەیانی تیشکی خورەتاو خەبەری کردیتەوە، سەرت سوڕما.


ـ ئەرێ لێرە چ دەکەم؟

چاوت گێرا دوو کچ بەرەو لای تۆ دەهاتن. گەیشتنە لات، یەکێکیان پێ دەکەنی. ئەوی تریان زۆر سکی پێت سووتا، تا کوڵانەکەی خوارتر قووتی دان هەر بۆتی دەڕوانی. هەستایتەوە دەستێکت هێنا بە سەرو چاوتا، زۆر دەترسای.

ـ ئاخۆ بەماڵەوە چ بڵێم، چ بیانوویەکم هەیە.

تا نیوەڕۆ بە دوای ماڵەکەتان دا گەڕایت، نەت بینی‌یەوە. چاوت دەگێرا بۆ ناسراوێك، برادەرێك، بەڵکوو بیانبینیتەوە، ئەوانیشت بۆ نەبینرایەوە، زۆرتر گەڕایت، زۆرترو زۆرتر. نا نیە، نەبوو، وەرەس بوویت، برسیەتی زۆری بۆ هێنایت. لە ڕۆژنامەفرۆشی‌یەك دا ڕۆژنامەیەکت کڕی، لەبەر دووکانێك دانیشتی، سەرنجت خستە سەر ڕۆژنامەکە، سەرت سوڕما، ڕەسمێکی خۆتت بینیەوە، "هاوشاریانی خۆشەویست! خاوەنی ئەم ڕەسمە دوێنێ شەو لە ماڵ چۆتە دەرەوە، تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، هەر بۆیە دایكو بابو کەسو کاری زۆر بە پەرۆشن. تکایە هەر کەس بینیەوە بەم ژمارە تەلەفوونە . . . . ئاگادارمان بکات".

# بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی ڕووناکبیری شۆڕشگێر، عەزیزی یووسفی لە بواری وەرگێڕان دا



**خالید. م**

١٥ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٢٣ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شۆڕشگێڕی لەخۆبردووی گەلەکەمان، وەرگێڕی بەتوانا کاك عەزیزی یووسفی‌دا ڕابرد. هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا لەبارەی شەخسییەتی خەباتگێڕانەو ژیانی پڕ لە هەوڵو تێکۆشانی ئەو نەمرەو وەفاداریو خزمەتی بە ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەی وتارێك بڵاو بۆتەوە. بۆیە لە "ئەدەب و هونەر"ی ئەمجارە دا تەنیا یادی لایەنێکی دیکەی تێکۆشانی ئەو ڕووناکبیرەی گەلەکەمان، کە ئەویش کاری وەرگێرانە دەکەینەوە.

هاوڕێی نەمر عەزیزی یووسفی سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری تەمەنی، بەهۆی باوەڕی قووڵی بە خەبات بۆ وەدیهێنانی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلەکەی لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا بردەسەر، بەو حاڵەش زیندان بۆ ئەو بوو بە فێرگەیەك بۆ خۆپێگەیاندن لەباری سیاسی‌یەوەو هەروەها بەرەوژووربردنی پلەی زانیاریو فێربوونی زمانی ئینگلیسی. ئەو نەمرە لە زیندان دا کۆمەڵێك کتێبی ئەدەبیی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێران کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەم بەرهەمانەی خوارەوە بکەین: "گل زرین" (گوڵی زێڕین)، "سرزمین کف" (وڵاتی کەف)، "یادداشتهای یك معلم مدرسه" (یادداشتەکانی مامۆستایەکی قوتابخانە)، "بوشه و خواهران" (بوشەو خوشکەکانی)، "جنگ جهانی دوم" (شەڕی دووهەمی جیهانی). هەروەها پاش ئازاد بوونی لە زیندانیش کتێبی "کودکی نیکیتا" (منداڵیی نیکیتا)ی، لە بەرهەمەکانی ئەلێکسی تۆلستۆی، وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی.

# کۆچی دوایی ئانتۆنی کوئین ئەکتەری بە ناوبانگی سینەما



**میلاد. م**

بە پێی هەواڵێك کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردەوە، ئانتۆنی کوئین ئەکتەری بەناوبانگی هۆلیوود و سینەمای جیهان لە تەمەنی ٨٦ ساڵی داو لە ویلایەتی "بۆستۆن"ی ئەمریکا بەهۆی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە کە ئانتۆنی کوئین ساڵی ١٩١٥ لە باوکێکی بە ڕەگەز ئیرلەندیو دایکێکی مێکزیکی، لە وڵاتی مێکزیك لەدایك بوو. سەرەتای کاری هونەری و سینەمایی کوئین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦ی زایینی‌کە بۆ یەکەمین جار لە فیلمێکی ٤٥ دەقیقەیی‌دا ڕۆڵی بینی. لەوساوە هەتا ڕۆژی مردنی، ئانتۆنی کوئین لە پتر لە ١٠٠ فیلمی سینەمایی‌دا بەشدار بوو کە بەناوبانگترینی ئەو فیلمانە بریتی بوون لە: زۆربای یوونانی، عومەر موختار، پیرەمێردو دەریا،باراباس "گوژپشت نتردام"و... . ئانتۆنی کوئین لە ماوەی ژیانی سینەمایی دا توانیویەتی دووجار خەڵاتی ئۆسکار وەربگرێ بۆ یاری لە فیلمەکانی "ڤیڤا زاباتا"و "خۆشیی ژیان". ئانتۆنی کوئین پێش چوونە نێو جیهانی سینەما ژیانی بە کاری پەنجەرەسڕین و خاوێنکردنەوە بەسەر دەبرد، بەڵام کە کۆچی دوایی کرد ناوبانگێکی جیهانی و سامانێکی چەند سەد میلیۆن دولاری و هێندێك تابلۆی دەگمەنی پیکاسۆی لەپاش خۆی بەجێ‌هێشت.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:313 11 Jun 2001




لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی
**"کوردستان"**
لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## ئەو مەترسی‌یانەی هەڕەشە لە ژینگە دەکەن!

**بەبۆنەی ٥ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی پاراستنی ژینگەوە)**

**ئامانج**



ئەو مەترسی‌یە هەموو لایەنانەی ژینگەیان لەگەڵ هەڕەشەی جیددی بەرەو رووکردوە، یەکێك لە گرنگترین نیگەرانی‌یەکانی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگەی ئینسانی پێك دێنن. ئەو مەترسیانە ئاکامو بەرهەمی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی ئینسانین‌و پێ‌بەپێی ئەو پێشکەوتنانە لە درێژایی سەدەکانی رابردوو بەتایبەتی لە سەدەی بیستەم دا، لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆردا خۆیان نواندوە. ئەگەر دانیشتووانی سەر تۆپی زەوی بەو جۆرەی پێویستە بایەخ بە رێوشوێنەکانی پاراستنی ژینگە نەدەن‌و رەچاویان نەکەن، ژیان لەسەر تۆپی زەوی لەگەڵ مەترسیی جیددی بەرەوروو دەبێ. ئەگەر لە چەرخەکانی رابردوودا، سروشت بەو هۆیەوە کە ئینسانەکان ئاگاداری ئەو یاسایانە نەبوون کە بە سەری‌دا زاڵە- مرۆڤی لەگەڵ مەترسی بەرەو روو دەکرد، ئێستا ئەوە ئینسانەکانن کە پاش هێنانە ژێر کونترۆڵی زۆر لە هێزە سروشتی‌یەکان‌و دۆزینەوەی زۆر لە یاساکانی‌زاڵ بەسەر سروشت داو هەروەها بەهۆی کەڵك وەرگرتنی نابەجێ‌و بێ سەرەوبەرە لەوان‌و لە ئاکامی هەست نەکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر داهاتووی شوێنی ژیانیان (واتە تۆپی زەوی)دا، ژیانی خۆیان‌و زیندەوەرو گیانلەبەرانی دیکەی سەر تۆپی زەوی‌یان لەگەڵ مەترسیی جیددی بەرەوروو کردوە. لەراستی‌دا مەسەلەکە راست پێچەوانە بۆتەوەو ئەگەر جاران سروشت لە دژی مرۆڤ بوو، ئێستا مرۆڤ کەوتۆتە دوژمنایەتیی سروشت، کە هەر دوو حاڵەتەکە ئاکامێکی وەك یەکیان هەیەو ئەوەی لە مەترسی دایە، مانەوەی مرۆڤە.

## پێشانگای نەققاشیی قوتابیانی "قوتابخانەی سەرەتایی ئازادی"





ڕۆژی ١١ی جۆزەردانی ئەمساڵ، بەڕێوەبەرانی "قوتابخانەی ئازادی" (لە کەمپی بنەماڵە کوردە ئێرانی‌یەکان لە نزیك کۆیە) بە هاوکاریی مامۆستایانی نەققاشیی قوتابخانەو "کۆڕی پەروەردەو فێرکردن"و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن‌و پێشوازی لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان، پێشانگایەکی نەققاشی‌یان بۆ قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە پێك هێنا. لەو پێشانگایەدا ١١٤ قوتابی بەشداربوون‌و نێزیکەی ٥٠٠ کاری نەققاشی نیشان درا.

شیاوی ئاماژە بۆکردنە کە "قوتابخانەی ئازادی" ساڵی پێشتریش پێشانگایەکی لەو چەشنەی هەر بەو بۆنەیەوە پێك هێنابوو. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاستی پێشکەوتنی قوتابیان لە چاو ساڵانی رابردوو چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەڕێوەبەرانی پێشانگاکە وتیان: ئەم پێشانگایەو ئاستی کاری منداڵانیش لە چاو ساڵی رابردوو گۆڕانی بەرچاوی تێدا پێك هاتوەو قوتابیان لەم بارەیەوە پێشکەوتنیان وەدەست هێناوە کە دیارە ئەویش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری‌و ماندووبوونی مامۆستایانی وێنەکێشان (نقاشی)و لێرەدا پێویستە سوپاسیان بکەین.

لەماوەی بەردەوام بوونی پێشانگاکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان‌و بنەماڵەکانیان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب سەردانی پێشانگاکەیان کرد.




**بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڕوانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:**

http: // WWW. Pdk- iran. 0rg
e- mail: pdkiran @ club- internet. fr


**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

EDEB U HUNER KURDISTAN

Cultur Institute
of
Kurdistan

# "ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردستان" لە تاران

لە درێژەی چالاکی‌یە ڕۆشنبیریو فەرهەنگی‌یەکانی ڕووناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێران داو بە هەوڵ و تێکۆشانی غەمخۆرانی فەرهەنگ و تۆرەی کوردی "ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردستان" لە شاری تاران لە کۆتایی ساڵی هەتاویی ڕابردوودا بە ڕەسمی دامەزراو دەستی بەکار کرد.

لە بروشورێك دا کە ئەو ناوەندە بڵاوی کردۆتەوە هاتوە:"ساڵەها بوو بە دوای دەلاقەیەك دا دەگەڕاین بە ڕووی خەونەکانمانا بکرێتەوە. بە ڕووی ئەو خەونانەدا کە بۆنی بارانی لێوەبێو خاکی باران لێدراوی ئەم وڵاتە بکاتەوە ئاو و خاك. ئاو و خاك بۆ بەرەی دوێنێکەو سبەینێ، یان هەر بۆ بەرەی ئەمڕۆ، بەرەیەك کە دەستی لە ڕابردووەوە دێتەوەو چاویشی بڕیوەتە ئەو دەوارەی کە لەبەر باخچەی داهاتوودا هەڵ دراوە".

"ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردستان" ئامانجەکانی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیاندوە:

"کارکردن لە بوارەکانی تەبایی نەتەوەیی، دیالۆگ و وتوویژ لەگەڵ باقی هاونیشتمانان، ڕێکخستنی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی کوردی، ناوەندێك بۆ بەڵگەنامە میللی‌یەکانی کورد، ناوەندی لێکۆڵینەوە نەتەوەیی‌یەکان. ناوەندی سینەماو شانۆی کوردی، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کەلهوڕ تایبەت بە ناوچەی کرماشان و ئیلام، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کرمانج تایبەت بە کوردەکانی باکووری خوراسان، ناوەندی کەلتووریی خوێندکارانی کورد، بەرهەمهێنانی بەرنامەگەلی تەلەویزیۆنی، بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی و فارسی، پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەی کەلتووریو زانستیو... چاپ کردنی گۆڤارێك بە دوو زمانی کوردی و فارسی بە ناوی "کوردستان".

شایانی باسە ئەم ناوەندە یەکەمین ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردی‌یە لە ئێران دا و حەوتەمین ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردی‌یە کە دادەمەزرێ. ئەنستیتۆکانی دیکە لە وڵاتانی ئاڵمان، فەڕانسە، سوئێد، بێلژیك، تورکیەو ئەمریکا دامەزراون.

لەگەڵ "ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردستان" دا دەتوانرێ لە ڕێگای ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگیرێ:

تهران: بزرگراه کردستان، چهارراه ASP خیابان شیراز جنوبی ٢٠ متری زرتشتیان ـ ٢٠ متری گلستان ـ ١٢ متری سوم، پلاك ٤

ئادرەسی سایتی ئەنتێرنێتی ئەم ناوەندەش بریتی‌یە لە:

www.kurdistanir.com

## "دەربارەی ئۆسکار وایلد"

**لە فارسی‌یەوە: فەریدوون ئەرشەدی**

ئۆسکار وایلد، شاعیر، شانۆنامەنووسو چیرۆکنووسی بریتانیایی، لە بناغەدانەرانی، بزووتنەوەی ئەدەبیی(هونەر بۆ هونەر)، لە ڕێگای شێعرو چیرۆكو شانۆنامەکانو بە ڕواڵەتی ناوازەو قژی درێژو بە دەستەوە گرتنی چەپکێ گوڵەوە، لە کاتی وتار خوێندنەوەدا، سەرنجی هەمووانی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. ئەو نووسەرە بە ناوبانگە، بە تاوانی نێربازی گیراو ماوەی دوو ساڵ(١٨٩٦ تا ١٨٩٧) لە زیندان دا ژیا. وایلد، پاش ڕزگار بوونی لە زیندان، لە باری تەندروستیو دەروونی‌یەوە وەزعێکی زۆر خراپی هەبوو، بە ناوی خوازراوی"سباستیان میامات" چووە پاریسو تا کاتی مردن، ژیانێکی تاڵو پڕ لە نائومێدیی بە سەر برد.

ساڵی ١٨٧٧ وایلد قوتابی‌یەکی بیستو سێ ساڵانی زانکۆی ئاکسفۆرد بوو، وڵامی چەند پرسیاری ئەدەبی ئەو زانکویەی دایەوە، دەستنووسی ئەو وڵامانە، ساڵی ١٩٧٧ لە مەزاتێکی بەرهەمە هونەری‌یەکانی شاری لەندەن دا بە بڕی ٣٦٥٠٠ پاوند، فرۆشرا. دەقی خوارەوە بەشێك لە پرسیارو وەڵامەکانە:

◆ ئامانجت لە ژیان چیە؟

❖ سەرکەوتن، ناوبانگ،و تەنانەت ریسوایی.

◆ ئەو شاعیرانەی هۆگریانی؟

❖ ئۆریپید، کیتس، تیۆکریتووسو خۆم.

◆ زۆرتر بە چ کارێکەوە خەریکی؟

❖ خوێندنەوەی غەزەلەکانی خۆم.

◆ بە ڕای تۆ بەختەوەری چیە؟

❖ زاڵ بوون بە سەر مێشکی مرۆڤەکان دا، تەنانەت ئەگەر لە تەك ددان ئێشەیەکی بەردەوام دا بێت.

◆ بە ڕای تۆ بەدبەختی چیە؟

❖ ژیانێکی هەژارانەو ئابڕوومەندانە، لە گوندێکی پەرتەوازی نەناسراودا.

◆ تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی تۆ چیە؟


❖ بەخشەندەیی لە ڕادە بەدەر.

◆ ڕقت لە چ تایبەتمەندی‌یەکی کەسایەتی‌یە؟

❖ خۆ بە زڵ زانین، بەخشەندەیی، خۆپەسەندی.

**سەرچاوە: گۆڤاری "دنیای سخن". ژمارە ١٠٥**

## "پزیشکی لادێ"




لەم دوایانەدا، کۆمەلیك لە کورتە چیروکەکانی فرانز کافکا (Franz Kafka) لە ژیر ناوی "پزیشکی لادێ ـ چەند دانە کورتۆکە چیرۆك" لە وەرگیرانی بەریز شاهو حەسەن پوور چاپو بلاو کرایەوە. ئەم کتیبە کە لە ٧٦ لاپەرە پیك هاتوە، ١٤ کورتە چیرۆکی فرانزکافکای تیدا بلاو کراوەتەوە. وەرگیر لە پیشەکیی ئەم کتیبەدا ویرای ئاوردانەوەیەك لە ژیانی نووسەرو بەرهەمەکانیو جیهانی تیروانینەکانی کافکا دەنووسێ: "وەك ئەرکیکی سەرەکیی وەرگیران، هەولم داوە ئەمانەت پاریزی بکەم. هەروەها هەولیشم دا زۆر لە دەقە فارسی‌یەکە دوور نەکەومەوە. هیوام وایە توانیبیتم لە کارەکەم دا سەرکەوتوو بووبم. ئەم وەرگیرانە دەخەمە سەر باقی ئەوکارانەی کافکا کە کراون بە کوردیو پیشکەشی خوینەرانی دەکەم."

"ئەدەبو هونەر"ی "کوردستان" ویرای پیرۆزبایی لە وەرگێری"پزیشکی لادێ" سەرکەوتنی لە خزمەت کردن بەکاروانی ئەدەبی کوردی‌دا بۆ بەئاوات دەخوازێ.

# شوێنی تازەی کاری دەفتەری ناوەندی جیهانی بۆ دیمۆکراسی

**جەعفەری حامیدی**
**ئوسلۆ ـ نۆرویژ**

دەفتەری کاری ناوەندی جیهانی بۆ دیمۆکرسی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەگۆزریتەوە بۆ ئوسلۆ، پیتەختی ولاّتی نۆرویژ. بەو پییە نۆرویژ دەبیتە خانەخویی ئۆرگانیکی نیونەتەوەیی کە بە مەبەستی چاودیریو تەنانەت بردنەپیشی دیمۆکراسی لە ولاّتە هەژارو دواکەوتووەکانی دنیادا لە بەرنامەی دایە لیکۆلینەوە بکاو زانیاری وەدەست بینیّ.

ئەم هەواله بە رەسمی لە مانگی مارسی ئەو ساڵ (٢٠٠١)دا بلاو بۆوە. ریککەوتننامەی کردنەوەی دەفتەر لە نیوان سەرۆکی ئۆرگانی ناوبراو ئاغای مارك مالۆچ براون "و خانمی ئاننە کریستیان سیدنیس، وەزیری وەزارەتی گەشەپیدانو بووژاندنەوە (لایەنی نۆرویژی) بە رەسمی ئیمزا کرا.

بە پیی بەرنامە، ئەرکی چاودیریو تیکۆشان بۆ پەرەپیدانی دیمۆکراسی لە ١٣٢ ولاّتی دنیادا دەکەویتە سەرشانی ئەم ریکخراوەیە. هەروەها بە گویزتنەوەی ناوەند بۆ نۆرویژ ئومیدوایە کە مەیدان بۆ تیکۆشانی زۆر لیکۆلەرو زانای نۆرویژیو ئورووپایی دیکە لەم ئورگانەدا ئاوالە بکریتەوە.

دروشمی هەرە بنەرەتیی ناوەندی دیمۆکراسیی سەر بە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەرکەوتن بەسەر فەقرو هەژاری لە دنیا دایەو بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکەشی پەرەپیدانی دیمۆکراسی کردۆتە وەسیلە.

سەرۆکی ریکخراوەکە ئاغای براون لەم بارەیەوە دەلیّ: "هەژارەکان دەبیّ بتوانن هیزو توانای سیاسی وەدەست بینن. ئەوان دەبیّ بە ئازادیی مافی دەنگدانەوە، ئەوەندە بەتواناوە بینە مەیدان کە بەشیوەیەکی چالاك سنووریك بۆ دەسەلاّتی نادیمۆکراتییانەی حکوومەتەکانیان دابنین.

خەلکی چەوساوەی ولاّتە دواکەوتووەکان دەبیّ دلنیا بن کەچی دیکەو لەوە زیاتر مافەکانیان پیّشیل ناکرین. زۆرمان نەگوتوە ئەگەربلیین کە هەژارەکان دەبیّ کۆنترۆلی ناوچەکانی خۆیان بەکردەوە بگرنە دەست!(*)

براون دەلیّ بۆ سەرخستنی بەرنامەکانمان دەبیّ زۆر ریگا بە کردەوە تاقی بکەینەوەو لیی وردبینەوەو بزانین کامە ریگایان ئیمە بە شیوەیەکی واقیعی لە مەبەستەکانمان نزیکتر دەکاتەوە.

جیگای خۆیەتی کە بگوتریّ هەرچەند زۆر گیروگرفت لە سەر ریگای دابین بوونی بەرنامەکانی ناوەندی دیمۆکراسیو خودی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە هەموو لقو پۆپەکانی دیکەشییەوەدا هەیەو نابیّ دلنیا بین کە بە خیرایی ئەم ئاواتانەی ئاغای براون بە ئەنجام دەگەن. بەلاّم ئەوە کە ئاغای براونو دلسۆزانی دیکەی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانو لە سەرووی هەموویان شەخسی سکرتیری گشتی، کوفی عەنان بەراشکاوی ئاماژە بە نەهیشتنی فەقر لەلایەكو پەرەپیدانی دیمۆکراسی لەلایەکی دیکەوە دەکەنو زۆرجار رەخنەی توندیش لە پیشیلکرانی دیمۆکراسی دەگرن، مایەی خۆشحالی‌یەکی زۆرە بۆ خەلکی چەوساوەو لە دواکەوتوویی‌دا راگیراوی دنیا.

بەگویرەی هەوالی هەوالدەری‌یەکان هەر لە زووەوە داوای یارمەتی لە برازیلو هەروەها لە ئەمریکای لاتین را بگرە تا ولاّتەکانی ئافریقایی گەیشتۆتە ناوەندی UN بۆ دیمۆکراسی، بەلاّم پرسیار ئەوەیە کە بۆ دیمۆکراتی کردنی ئەو ناوچانەو بەگشتی بۆ جیهانی کردنی پرۆسەی دیمۆکراسی چی پیویستە؟ سیستم؟ پارلمان بە هەلبژاردنی ئازادەوە؟ بەهیزکردنی یاسا کۆمەلاّیەتی‌یەکان؟و یان هەمووی ئەوانە بەسەر یەکەوە؟

پیویستی بە گوتن هەیە کە یەکیکی دیکە لە ئەرکەکانی ناوەندی پەرەپیدانی دیمۆکراسی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی دنیادا لیکۆلینەوەو پیشگیری لە پەرەستاندنی شەرو ئالۆزی‌یە.

## ولاّتی نۆرویژو ناوەندی جیهانی بۆ دیمۆکراسی

ئەوە بۆ یەکەمین جارە کە نۆرویژ دەبیتە خانەخویی ناوەندیکی گرنگی ئەوتۆ. ئەم ناوەندە بە ٦ پسپۆرو کارمەندیکی بەشی ئیدارەکردن لەشاری ئوسلۆدا دەفتەر دەکاتەوە. ناوەندەکە لە دوو بواری خوارەوەدا نیازی بە دەعوەت بەکار کردنی زۆر شارەزای نۆرویژیو ئورووپایی هەیە: ١ـ بواری پسپۆریی مافی مرۆڤ، ٢ـ بواری یاساناسیی پیشگیری لە شەرو تیکهەلچوونی چەکدارانە. بەپیی ئاماری راگەیاندراو لە لایەن ئیدارەی کاری نۆرویژەوە تا ئیستا ٣٠٠ نەفەر بۆ وەرگرتنی کار لەو ناوەندەدا ناونووسی‌یان کردوە.

لەگەلّ ئەوەش دا کە نۆرویژ ولاّتیکی بچووکە، بەلاّم لەبەر زۆر هۆی ئابووری، هەلکەوتوویی جوغرافیاییو سیاسیو بەهۆی جیی متمانە بوونی لە لایەن ئەمریکاوە وەك بەتواناترین زلهیزی دنیا گرنگی‌یەکی تەواوی لە سیاسەتی جیهانی‌دا هەیە.

نۆرویژ لە مەیدانی گەیاندنی یارمەتیی ئینسانی بە ولاّتە فەقیرەکان لە ریزی هەرە پیشەوەی ولاّتە دەولەمەندەکانی دنیایەو تەنانەت بە پیی ژمارەی حەشیمەت یەکەمین ولاّتی یارمەتیدەری مالیی ناوەندی نیونەتەوەیی پەرەپیدانی دیمۆکراسی بووەو ئاماری "ناوەندی دەولەتیی ئامار" دەری دەخا کە تەنیا ئەم ساڵ (٢٠٠١)، ٦٢٠ میلیۆن کرۆن یارمەتیی داوە بە ناوەندی دیمۆکراسی. چونکە نۆرویژی‌یەکان زۆر بەوە خۆشحالن کە بۆ یەکەمین جار ناوەندیکی گەورەی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەفتەری کاری لە ولاّتەکەیان دەکاتەوە. چاوەروانی دەکریّ کە لەوەش زیاترو لە زۆر بواری دیکەشەوە یارمەتی بکەن.

پاش ئەم باسە پیویستە کە ئیمەی کوردیش ئاوریك لە خۆمان بدەینەوەو بزانین کە چۆن دەتوانین بۆ خزمەتی زیاتر بە نیشتمانەکەمان، خۆمان لەو ریکخراوە نیونەتەوەیی‌یەو هەروەها لە نۆرویژی‌یەکانی پیوەندیدار بەو ریکخراوەیە نزیك بخەینەوەو لەم ریگایەوە سەرنجیان بۆلای مەسەلەی کوردو کیشە رەواکەی رابکیشین. داخوا ئیستا کە یەکیك لە گرنگترین بەشەکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتۆتە پەنا دەستمان، چۆن برۆینە پیشو بە پیی چ پرۆژەیەك سەرنجیان بۆ لای کوردستانی ئیرانیش رابکیشینو حەقانیەتی خەباتمان لە بەردەم بەرپرسانی ئەو ریکخراوەیە بینینە گۆریّو لە مەزلوومیەتی گەلەکەمانیان ئاگادار بکەین؟

گومان لەودا نیە کە ئەگەر بە سەرنجدان بە ئامانجە رەواکانی خەباتی گەلەکەمانو بە شیوەیەکی ئوسوولیو بەرنامە بۆدانراو بۆ نزیك بوونەوە لەم ئورگانە هەولّ بدەین، دەکریّ ئیمەش بکەوینە ژیر چەتری یارمەتی‌یە ئینسانی‌یەکانی ناوەندی نیونەتەوەیی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دیمۆکراسی.

بەهیوای ئەو رۆژە

**سەرچاوە:**

(*) رۆژنامە نۆرویژی‌یەکان: Dagbladet و VGو Aftenposten

# مافی نیونەتەوەیی و مەسەلەی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان

## بەشی سێهەم: مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان

ئاسۆی حەسەن زادە

دروست بوون و شکڵ گرتنی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان دیاردەیەکی پیوەندیدار بە بزووتنەوەی گەلان لە میژوودایە. دریژەخایاندن و چارەنەکرانی گشتیی کیشەی کەمایەتی‌یەکان ئەنجامی راستەوخۆی جێبەجێکردنی تەبعیزگەرانەی مافی گەلانەو هەربۆیە بۆ تیگەیشتن لە دۆخی ئەمرۆی کەمایەتی‌یەکان لە یاسای نیونەتەوەیی‌دا پیویستە پیشینەو نیوەرۆکی ئەسلیی مافی دیاریکرانی چارەنووسی گەلان روون بکریتەوە.

مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەمرۆ کەوتۆتە ریزی بەرزترین و بایەخدارترین پرەنسیپەکانی یاسای نیونەتەوەیی‌و تەنانەت لە لایەن هیندێ سەرچاوەی قەزایی نیودەولەتی‌یەوە بە Jus Cogens "یووس کۆگینس" واتە ئەسلیك کە هیچ ئەسڵ و ریوشوینیکی دیکە ناتوانێ دژایەتیی لەگەڵ هەبێ‌و ئەگەر دەولەتیك پیشیلی کرد هەموو دەولەتانی جیهان دەتوانن لە دژی راوەستن، لە قەلەم دراوە. بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە مافی چارەنووس بۆتە ئەسلیکی حوقووقی‌و بە شیوەیەکی دنیاگیر پەسند کراوە، نیوەرۆکی ئەو مافەو خاوەنەکانی هەمیشە روون و دیاریکراو نەبوون. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو ئەسلە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەمرۆ کاکلیکی سیاسیی هەبووەو سیاسەت هەمیشە شوینەواری خستۆتە سەر چەمك و بەکارهینانی و حقووقی بوونەکەشی کەمرەنگ کردوە. (جیاوازیی حوقووق و سیاسەت لەوەدایە کە حوقووق بۆ دوو وەزعییەتی وەك یەك ریگاچارەیەکی واحد لە نەزەر دەگرێ، لە حالیك دا سیاسەت بە پیی هەل و قازانج هەلویست دەگرێ).

روانینیکی رۆخی (سطحی) بەسەر پیشینەی ئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دا یارمەتیمان دەکا کە باشتر لە نیوەرۆکی ئەو مافە ورد بینەوە. ئەو ئەسلە بۆ یەکەم جار لە راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئامریکا لە سالی ۱۷۷۶دا فۆرمۆلە کرا، بەڵام ئەوە ئورووپایە کە بە زیدو لانکەی هەلدان و پیگەیشتنی مافی چارەنووس دادەنرێ.بەیاننامەکانی شۆرشی فەرانسە ئەو ئەسلەیان بە شکۆیەکی زۆرەوە راگەیاندبوو و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ لەدایك بوونی ئیدئۆلۆژیکی ئیتاناسیۆن. چونکە بەم جۆرە سەروەری (حاکمیت) لە پاشاوە بۆ میللەت گویزرایەوەو میللەت و دەولەتیش هاوخشت (متقارن) بوون. سەدەی نۆزدە سەردەمی پەرەگرتن و بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئەگەر "پەیمانی موقەدەس"ی دەسەلاتە رۆژئاوایی‌یەکان لەکۆنگرەی وییەن (۱۸۱۵) ـ کە لەوێ سیاسەتی "استعماری" داریژرا ـ دوژمنایەتیی توندی لەگەڵ مافی گەلان نیشان دا، دواتر لەگەڵ بێ‌هیز بوونی ئەو پەیمانەو بە سەربەخۆیی گەیشتنی ولاتانی وەك بیلژیك و یوونان لە ۱۸۳۰ و شۆرشەکانی ۱۸٤۸و هاتنەسەرکاری ناپلیۆنی سیهەم هەلومەرجەکە تەواو گۆرا. لە نیوەراستەکانی سەدەی نۆزدەدا مافی گەلان ئەسلی میللیەتەکانی وەبەرهەم هینا کە بریتی بوو لە مافی سەربەخۆیی بۆ میللەتان. لەسەر بناغەی ئەو ئەسلە زۆر نەتەوەو دەولەتی گەورەی وەك ئالمان و ئیتالیا لەدایك بوون و لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست دا زۆر گەلی ژیر دەسەلاتی ئیمپراتۆری‌یەکانی ئوتریش ـ مەجارستان و عوسمانی رزگار بوون. بەڵام هەر لەو سەردەمەوە فکری بەجێگەیاندنی هەمەلایەنەو یەکسانی ئەو مافە وەلانرا. کۆتایی هاتنی شەری یەکەمی جیهانی دەرفەتی سەرلەنوێ راگەیاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بوو. جودا لە "لینین"و شۆرشی ئۆکتۆبری ۱۹۱۷ی رووسیە کە بەروالەت خوازیاری بەریوەبردنی بەرفرەوانی ئەو ئەسلە بوون، "ویلسۆن" سەرکۆماری ئەو وەختی ئامریکاش لە چاردە خالەکانی سالی ۱۹۱۸ی‌دا کە کۆمەلە پیشنیاریك بوو بۆ بنیاتنانەوەی ئاشتی لە جیهانی نوێ‌دا، داوای سەرلەنوێ سازکردنەوەی لە ولاتانی ئورووپای ناوەندی بەتایبەتی لە ئوتریش و مەجارستان و بالکان داو دانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە گەلانی ژیر دەسەلاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی کردبوو، بەڵام لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەسلە لەمەر موستەعمەرەکان دا خۆی پاراستبوو. پەیمانەکانی ئاشتیی ڤیرسای (۱۹۲۳ـ ۱۹۱۹) بەو جۆرە ئیمزا کران کە ویلسۆن ویستبووی، بەڵام بە سەربەخۆیی گەیشتنی بەشیك لە گەلان بوو بە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆر کەمایەتیی تازە لە چوارچیوەی دەولەتە نوێیەکان دا دروست بن. لە پەیمانی "کۆمەلەی نەتەوەکان" دا هیچ باسیك لە مافی گەلانەوە نەکرابوو و بە پیچەوانەوە ئەو ریکخراوە سیستمی بەریوەبردنی موستەعمەرەکانی ریك خست.

پاش شەری دووهەمی جیهانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی لە یەکەمین مادەی خۆی داو لە ریزی ئامانجە بەرزەکانی ئەو ریکخراوەدا دانا. بەڵام مەبەست لەو راگەیاندنە جیهانی‌یەی مافی گەلان شتیکی تازە بوو. ئەگەر یەکیەتیی سۆڤیەت هاندەری سەرەکیی ئەو کارە بوو و پیی وابوو کە ئەو مافە دەبێ بە مانای واقیعیی خۆی تەفسیر بکریتەوە، بۆ دەولەتانی رۆژئاوایی بەجێگەیاندنی ئەو ئەسلە تەنیا بریتی بوو لە وەدیهینانی دیموکراسی‌و، ئاکامەکەی دانی سەربەخۆیی بە گەلانی ژیر دەسەلاتیان نەبوو. بەڵام دواتر هەموو دەولەتانی جیهان بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئازاد کردنی سەرزەمینە ئیستعماری‌یەکان پیویستی‌یەکی میژوویی‌و "اجتناب ناپذیر"ەو ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشی هەرە زۆری هەوڵ و تیکۆشانی دوو دەهەی یەکەمی خۆی بۆ بەسەربەخۆیی گەیاندنی خەلکی ئەو سەرزەمینانە تەرخان کرد. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بە دریژایی دەیان ساڵ و تەنانەت تا رادەیەك ئەمرۆش مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سەربەخۆیی‌دا خولاسە بکریتەوەو ئەوەش تەنیا گەلانی ئیستعمارکراو بوون کە مافی سەربەخۆیی‌یان هەبوو.

بەڵام لەگەڵ رووخانی دیواری بیرلین لە سالی ۱۹۸۹داو دوای ئەوەی گۆرباچۆف هەقی جیابوونەوەی بەکردەوەی قبووڵ کردو لەپاش کۆتایی هاتنی شەری سارد، دەرفەتی زیاتر بۆ بووژانەوەو دەربرینی هەستی میللی پیك هاتەوەو گەلانی پیکهینەری "ئیمپراتۆری‌یەکانی" سۆڤیەت و ئورووپای رۆژهەلات، دەولەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند. راستە کە ئەو رەوتە بوو بە هۆی وەدرۆخستنەوەی ئەو ئیددیعایە کە ئەمرۆ تەنیا گەلانی موستەعمەرە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکلی سەربەخۆیی‌یان دا هەیە، بەڵام بەهیچ جۆر نەبووە مایەی ئینکاری واقیعییەتیك کە ئیمە لە سەرتاسەری ئەوکورتە میژوویەدا بەدیمان کردو بە یەکیك لە هۆکارەکانی دروست بوون و دریژەکیشانی کیشەی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانی دەزانین. ئەو واقیعییەتەش بریتی‌یە لە گرتنەپیش و دریژەدانی سیاسەتی تەبعیزو جیاوازی دانان لەنیوان گەلان ←

لەمەر بەجێگەیاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا.

لە مافی نیونەتەوەیی‌دا پرەنسیپیك هەیە بەناوی "یووتی پۆسیدیتی" (Uti Possidetis). ئەو ئەسلە هەلقولاو لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەو واتای ئەوەی هەیە کە هەرکاتیك دەسەلاتی ئیستعمار سەرزەمینیکی بەجێهیشت، ئەگەر خەلکی ئەو سەرزەمینە حکوومەت و دەولەتی سەربەخۆی خۆیان پیك بینن، ناچارن ئەو چوارچیوە ئیداری‌یە رەعایەت بکەن کە وەختی خۆی دەسەلاتی ئیستعمار دای‌رشتبوو. لەراستی‌دا بەم جۆرە سنوورە نیوخۆیی‌یەکانی پیشووی حکوومەتی ئیستعمار دەبنە سنووری نیودەولەتی. "یووتی پۆسیدیتی" لەسەرەتادا لەسەر رەوتی بەسەربەخۆیی گەیشتنی گەلانی ئامریکای نیوەراست و پاشان هی موستەعمەرەکانی ئافریقا جێبەجێ کرا. بەلام ئەمرۆ بۆتە ئەسلیکی گشتیی یاسای نیونەتەوەیی‌و بۆ دەستەبەر کردنی تەواوەتیی ئەرزیی دەولەتان پشتی پێدەبەسترێ. لەمەر یەکیەتیی سۆڤیەتی پیشوو و ئورووپای رۆژهەلاتیش تەنیا سەربەخۆیی ئەو گەلانە بەرەسمی ناسرا کە پیش لەبەریەك هەلوەشان خاوەنی قەوارەیەکی نیوخۆیی پیشکەوتووی وەك کۆماری فیدراتیو بوون و ریگا بە کەمایەتی‌یەکانی دیکە، یان کەمایەتی‌یە تازەکان نەدرا بە سەربەخۆیی بگەن.

ئیستا پیویستە بچینە سەر ماناو نیوەرۆکە جۆربەجۆرەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ناسینی ئەو چەمکانە لەبەر ئەوە گرینگە کە ماف و پاریزگاری‌یەکانی ئەمرۆی کەمایەتی‌یەکان لەمافی نیونەتەوەیی‌دا ئەنجامی ئەو تەفسیرو بەکاربردنانەیە کە تا ئیستا لە ئەسلی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کراون. ئەو تەفسیرە رەنگاورەنگانە هەروەها دەکرێ هەوین بەخشی هەولی باشتر کردنی وەزعی کەمایەتی‌یەکان بن.

مافی دیاریکردنی چارەنووس سێ مانای سەرەکیی لێکراوەتەوە کە دیارە بەهۆی ئەوە کە ئەو ئەسلە لەناخی‌دا ئەسلیکی سیاسی‌یەو دەتوانێ بەرژەوەندی دەولەتان بخاتە ژیرپرسیار، هەرکام لەو مانایانە دەتوانێ لەگەل ئەوانی دیکە جیاوازی و تەنانەت دژایەتیشی هەبێ.

مانای یەکەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بریتی‌یە لە مافی خۆبەریوەبردن (self-government)، ئەمە لایەنی نیوخۆیی مافی چارەنووسەو ئەوە دەگەیەنێ کە خەلکی ولاتیك سەربەستانە شیوەو فۆرمی دەولەت و حکوومەت هەلبژیرن و ئازادانەو راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لەنیهادەکانی بریاردان دا بەشدار بن. مافی دیاریکردنی چارەنووس بەو مانایەی، ئەگەر بەراستی وەبەرچاو بگیردرێ دەبیتە هۆی وەدی هاتنی دیموکراسی. بەداخەوە لەگەل ئەوەدا کە ئەو چەمکەی مافی چارەنووس کۆنترینیەتی، یاسای نیونەتەوەیی کەمتر سەرنجی داوەتێ‌و بۆ ئەوەی دەولەتیك بە سووژەی خۆی قبوول بکا هەر ئەوەندە بەس بووە حاکمییەتی فیعلیی بەسەر خەلك و سەرزەمینەکەدا هەبێ. دیارە دەبێ ئەوەش بلیین کە ئەمرۆ پەرەگرتن و هاتنە سەر ریی مافەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی ئەوە کە پلورالیسمی سیاسی‌و مەشرووعییەتی دیموکراتیك هەتادێ زیاتر لە دونیادا جیگای خۆیان بگرن و دوور نیە لە داهاتوویەکی نزیك دا مافی نیونەتەوەییش رەگەل ئەو رەوتە بکەوێ، چونکە نیشانەکانی وەها ئالوگۆریك هەر ئیستا بەدی دەکرین.

مانای دووهەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس لایەنە دەرەوەیی‌یەکەی و بەناوبانگترین و بەکاربردراوترین تەفسیریەتی. ئەویش بریتی‌یە لە مافی گەلیك بۆ دیاریکردنی سەربەستانەی چارەنووسی‌نیونەتەوەیی خۆی و هەلبژاردنی ئازادانەی ئەو دەوروبەرو قەوارە سیاسی‌یەی دەیهەوێ تیی‌دا بژی. جێبەجێ کردنی ئەو مافە دەبیتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە بۆخۆی بریار بدا داخوا دەولەتی سەربەخۆ دادەمەزرینێ، بە دەولەتیکی دیکەوە وەسل دەبێ یان لەنیو هەمان دەولەت دا دەمینیتەوە. کاتیکیش سەربەخۆیی نەویست دەتوانێ شیوەی بەریوەبردنی کاروباری خۆی‌و چۆنیەتیی ریکخستنی پیوەندی‌یەکانی لەگەل دەولەتی مەرکەزی (خودموختاری، فیدرالیزم‌و . . .) هەلبژیرێ.

دەولەتە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووەکان مانایەکی دیکەیان لەئەسلی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان زیاد کرد کە بریتی‌یە لەوەی هەرکاتیك دەولەتەکە دامەزرا گەل لەبیر بچیتەوە، یان لەنیو دەولەت دا بتویتەوەو بەم جۆرە ئەو دەسکەوتانەی گەلان لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا وەدەستیان هیناون لە لایەن دەولەتانەوە پاوان بکرین و بۆ سەقامگیرکردن و پتەوکردنی دەولەتان بەکار ببرین. لەباری سیاسی‌یەوە ئەو مافە دەبیتە هۆی زەق بوونەوەی ئەسلی سەروەریی بێ ئەملاو ئەولا (حاکمیت مطلق)ی دەولەتان و بەرابەریی رەسمیی نیوانیان و قەدەغە بوونی دەست وەردان لە کاروباریان داو بەریوەبردنی سەربەستانەی کارەکانیان. ئەو مانایەی مافی چارەنووس ئاکامیکی ئابووریشی هەیە کە بریتی‌یە لە ملکایەتی‌و کەلك وەرگرتنی سەربەستانە لە دەولەمەندی‌یە سروشتی‌یەکان ولات لە لایەن دەولەتەوە.

وەك دیتمان ئەسلی دیاریکردنی چارەنووس نیوەرۆکیکی رەنگاورەنگی هەیە. دەولەتان و جەمسەرە سیاسی‌یەکانی جیهان هەرکام بەنۆرەی خۆیان ئەو ئەسلەیان بۆ وەدیهینان و بردنەپیشی ئامانجە تایبەتی‌یەکانیان بەکارهیناوەو بەرژەوەندی‌یە دیاریکراوەکانی خۆیانیان پێ پاراستوەو سیاسەتە مەشکووکەکانیان پێ پاساو داوە. بۆنموونە روانگەو بۆچوونی ولاتانی سۆسیالیستی لەپیوەندی لەگەل مافی گەلان دا زۆر بەخشندەو ئیدەئالیست و دلفرەوانانە بوو. بەلام ئەوە نەك لەبەر چاوی رەشی گەلان بەلکوو لەپیناوی ناردنە دەرەوەی سۆسیالیزم و فرەوانخوازیی رۆژهەلات دابوو. بەبروای وان مافی چارەنووس بریتی بوو لە رزگاری لە ئیستعمار لە هەموو جییەك و هەقی هەلبژاردنی سۆسیالیزم. لەراستی‌دا سۆڤیەتی‌یەکان ئەو مافەیان بۆ وەلەرزەخستنی بلووکی رۆژئاوا و تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەبرد، لەحالیك دا ئەوان پیشنیاری ولاتانی ئورووپای رۆژئاوایان بۆ بەشداری کردن لە رەوتی دیموکراتیزاسیۆن کە سالی ١٩٧٥ بە کۆبوونەوەی هیلسینکی دەستی پێکرد رەت کردەوە. هەرچی ولاتانی رۆژئاواییشە لەو باوەرەدا نەبوون کە دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنووس ببیتە هۆی مافی جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەلکوو دەبوو لە چوارچیوەی لایەنە نیوخۆیی‌یەکەی‌دا ببەستریتەوەو تەنیا بریتی بێ لە قبوول کردن و پاراستنی ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان و مافی مرۆڤ. ولاتانی جیهانی سیهەمیش لایەنیکی دیکەی ئەو دەمەتەقێیە بوون. بە بۆچوونی وان مافی دیاریکردنی چارەنووس دیموکراسی ناگریتەوەو بریتی‌یە لە هەقی رزگار بوون لە ئیستعمارو ریشەکیش کردنی جیاوازی دانانی رەگەزی (تبعیض نژادی) و خەبات لە دژی داگیرکەریی بیگانە. جیگای گوتنە کە ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شوین و کاتی خۆی دا نوینگەی هەرکام لەو بیروبۆچوونانە بووە، بەلام ئەوە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی‌و مافی کەمایەتی‌یەکان دابووە کە (هەر نەبێ هەتا ئەم دوایی‌یانە) سەرکەوتنیکی کەمتری وەدەست هینابوو. ☼

دریژەی هەیە

**لە دەرەوەی ولات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

# بێبەشیی کچانی دێنشینی کوردستان لە دەرەتانی درێژەی خوێندن

ع. بەهرامی

**"هەر کەسێك مافی بەهرەمەند بوون لە پەروەردەو فێرکردنی هەیە . . . فێرکردنی پیشەیی (حرفەای) دەبێ ببێتە گشتیو فێرکردنی بەرز دەبێ لە هەلومەرجێکی وەك یەك دا بۆ هەمووان هەبێ تا هەمووان بە پێی توانا بتوانن لێی بەهرەمەند بن"(١)**

دامەزراندنو پەرەپێدانی رایەلەی فێرکاریو دابین کردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی، بە چەشنێك کە دەرەتانێکی ئەوتۆ بۆ هەمموو تاکەکانی کۆمەلگە پێك بێ تا دەستیان بە خوێندنو فێربوون رابگا، لە ئەرکە سەرەتاییەکانی هەر حکوومەتێکی بەرپرسە. لەم پێوەندییەدا پێویستە گرنگیدان بە ناوچە بێبەشو لە دواکەوتووییدا راگیراوەکان بکەوێتە ریزی سەرەوەی ئەرکەکانی دەولەتەوە. ئەم کارە وێرای ئەوە کە دابین کردنی بەشێك لە مافە ئینسانییەکانی تاکەکانی کۆمەلگەیە، هەنگاوێکیشە لە پێناوی دارشتنی بناغەکانی هەلدانو پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئەو کۆمەلگەیە. بەلام لە ئاکامی پابەندنەبوونی حکوومەتەکانی زال بە سەر کوردستان دا بەم ئەرکە گرنگە هەر ئێستا شاهیدی بێبەشیی بەشێکی بەرچاوی حەشیمەتی ولاتەکەمان لە سەرەتاییترین مافەکانیانین. کچە گوندنشینەکانی کوردستان ئەو بەشە لە بێبەش ترین تاکەکانی کۆمەلن کە بە هۆی لە گۆرێدا بوونی کۆسپی جۆراوجۆر لە دەرەتانی درێژەدانی خوێندنو وەبەرهێنانی ئیستیعدادەکانیان بێبەرین.

مەسەلەی بێبەشیی کچە گوندنشینەکانی کوردستان لە درێژەی خوێندن، لەو چەند دەیەی دواییداو تەنانەت دوای پەرەگرتنی خوێندن لە گوندەکانی کوردستان ـو ناوچە بێبەشەکانی دیکە ـ دا هەروا بە شێوەیەکی جیددی لەگۆرێ دایە. لەگەل درێژەکێشانی وەزعێکی ئەوتۆ ژمارەی کچانی بێبەش لە دەست راگەیشتن بە قۆناغەکانی سەرووتری خوێندن هەروا زیادی کردوە. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە مەبەست لە زەقکردنەوەی گیروگرفتی کچان لەم پێوەندییەدا بە مانای بێبەری بوونی کوران لەو وەزعە نیە. بەلکوو مەبەست لە لایەکەوە نیشاندانی ئەو ستەمە چەند قاتەیە کە لەم بوارەدا لەوان کراوە و، لەلایەکی دیکەوە گرنگیی چوونەسەری ئاستی خوێندەواریی کچان لە سەر گۆرینی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ئێستاو پێشکەوتنو هەلدانی کۆمەلگەیە.

لە لێکۆلینەوەی وەزعییەتی درێژەی خوێندنی ئەم کچانەدا ژمارەیەك هۆکاری بەرگر بەرچاو دەکەون کە بە شێوەی رایەلکەیەکی پێکەوە بەستراو لەم بارەیەوە کار دەکەنو، لە ئاکام دا بێبەشیی کچە گوندنشینەکان لە درێژەی خوێندن پێك دێنن:

گرنگی نەدانی پێویست لە لایەن دەسەلاتدارانی سیاسیو گەلالە دارێژە ئابوورییەکانیان بە پەرەپێدانی رایەلەی ناوەندە فێرکارییەکان بە تایبەت دامەزرانی شوێنی ئامووزشی بۆ قۆناغەکانی سەرووتری خوێندن (ناوەندی، دواناوەندیو هونەرستانی پیشەییو. . .) لە لادێ، بەسەرنجدان بەوە کە هەموو سالێك ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابییانی گوندەکان قۆناغی سەرەتایی خوێندن تەواو دەکەن. ئەو راستییە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرچاوی ئەوان ـ بەتایبەت کچەکان ـ لە دەرەتانی خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندیو دواناوەندیو . . . .دا بێبەری بن. دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لەو بارەیەوە هەموو قوتابییە کچەکان لە هەلومەرجێکی وەك یەك دا نین. بە سەرنجدان بەوە کە لە ژمارەیەك لە گوندەکان قوتابخانەی ناوەندی (راهنمایی) دروست کراوە بەشێك لە کچە قوتابییەکان پاش تەواو کردنی قۆناغی سەرەتاییو بەشەکەی دیکەیان پاش تێپەر کردنی قۆناغی ناوەندیی خوێندن دەکەونە حالەتێکی ئەوتۆوە. نموونەی لێکۆلینەوەی ئەنجام دراو لە یەکێك لە ئوستانەکانی پێکهێنەری کوردستانی ئێران بەلگەی راستیی ئەم وتەیەن: "لە کۆی تەواوی قوتابییانی کچی [ئوستانی ]کوردستان تەنیا ٢٤٧٧٠ کچە قوتابیی ئەم ئوستانە لە قۆناغی دواناوەندی (متوسطە)داخەریکی خوێندنن کە هەموویان لە شارەکانن. لە سالی خوێندنی ٧٦دا بۆ یەکەم جار دەبیرستانێکی شەوو رۆژی کچانە کە توانای وەرگرتنی ١٢٤ قوتابیی گوندەکانی ئوستانی هەیە دروست کراوە."(٢)

ئەگەر کەم بوون یان نەبوونی ئیمکاناتی ئامووزشیو فێرکرن یەکێك لە کۆسپەکانی سەرڕێگای درێژەی خوێندنی قوتابییانی کچە، لە پال ئەویش دا چەند هۆکاری دیکە هەن کە زۆر جار شانبەشانی ئەو کۆسپە لە گۆرێ دان. بۆچوونی سوننەتی ـ مەزهەبیی بنەمالە گوندییەکان سەبارەت بە مەسەلەی درێژەی خوێندنی کچانو سەربەخۆ نەبوونی کچان (و ژنان بەگشتی) وێرای هەژاریی ماددیو بارودۆخی قەیرانیی ئابووریی ولات لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی دەست لە خوێندن هەلگرتنی کچانی گوندنشین. هەر لە سەر ئەو راستییانەشە کە نێونجی ئاستی خوێندەواریی کچە گوندییەکانی کوردستان لە ئاستێکی زۆر لە خوارەوە (چوار سال خوێندن) دایە. دیارە ئەگەر کچانی بێبەری کراو لە خوێندن لەم نێونج گرتنەدا لەبەرچاو بگرین بە ژمارەیەکی کەمتر دەگەین.

هەروەك دەبینرێ بێبەشیی کچانی لادێ لە خوێندنو پەروەردەی پێویست گەلێك ئاکامی زیانبەخشی بۆ ئەوانو کۆمەلگە بەگشتی بەدواوە بووەو هەتا ئەو وەزعە بمێنێ ئێمە هەروا شاهیدی دووپات بوونەوەو سەرلەنوێ بوونەوەی مەینەتیو بێبەشییەکانی ئەوان لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە دواکەوتوویی بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی ژنانی نیشتمانەکەمان دەبین. چونکە ئەوان بە هۆی نەبوونی زانیاریو بێبەشی لە پاشەکەوتی زانستیو فەننی ناتوانن توانای داهێنانیان گەشە پێبدەنو لە ئاکامیش دا ناتوانن گۆرانکاریی بنەرەتی لەو هەلومەرجە نابەرابەرەدا کە لە بنەمالەو کۆمەل دا بەسەر ئەوان داسەپاوە، پێك بێننو هەروا وەك پێشینیانی خۆیان ناتوانن بە مافو ئازادییە تاکەکەسیو ئینسانییەکانیان بگەن. لە وەزعییەتێکی ئەوتۆدا ئەوان بە نۆرەی خۆیان هۆکارەکانی درێژە کێشانی دواکەوتوویی دێنشینەکانو کۆمەل بەگشتی لە بوارەکانی



فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەلایەتیو. . .دا پێك دێنن.

کەواتە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین ستەمو بێبەشییەك کە دەرحەق بە کچانی لادێ بەرێوە دەچێ، بێجگە لەوە کە ستەمێکە لەوان، ستەمێکیشە لە کۆمەلگەی کوردستان بەگشتی. بۆ تێپەر بوونو کۆتایی هێنان بە بێبەشیی کچانی گوندیو پێکهێنانی هەلومەرجێك کە لەودا ئەوان بە مافە ئینسانییەکانیان بگەنو ببنە هێزێکی چالاك بۆ خزمەت بە گەشەپێدانو پێشکەوتنی کۆمەلگەی کوردستان، پێویستە کە: رایەلەی فێرکردن لە ناوچە بێبەشەکان زیاتر پەرە پێبدرێ، کچانی لادێ ئاسانکاریی ماددیو مەعنەوییی پێویستیان بۆ درێژەی خوێندن بۆ بکرێ، هەرچی زیاترو روونتر ←

# ئەو مەترسی‌یانەی هەڕەشە لە ژینگە دەكەن!

درێژەی دوالاپەڕە

زۆربوونـی گـازە گولخانەیی‌یـەكان، ویرانـی‌و لـە نیوبردنی لیرەوارو لەوەرگەكان، پیس بوونی ئاوو خاك‌و هـەوا، لـە نیوچوونـی نەسـلی زۆر لـە زیندەوەرەكـان‌و رووەكەكان، بەكارهینانی كورت بینانـەو بی‌بیركردنـەوە لە دوارۆژی سەرچاوەو پاشەكەوتەكان بەتایبەتی ئەوانـە كە وزە یا ئینیرژیی فوسیلی پیـك دینـن، ـ كـە جگـە لەوەی كەلك وەرگرتنـی چـەوت لـەوان شـوینەواری زۆر پرمەترسیی بۆ سەر سروشت هەیە، قـەرەبوو كردنـەوەو جێ‌پڕكردنەوەشیان ماوەیـەكی دوورو دریـژ دەخایـەنێ‌ـ لەو رووداوو كارەساتانەن كـە هـەموو بەنۆبـەی خۆیـان مەترسـی‌و هەڕەشـەیەكن لـە دژی ژیـن لەسـەر تۆپـی زەوی.

زۆربوونی گازە گولخانەیی‌یەكان كـە دی‌ئۆكسـیدی كەربۆن لە سەرووی هەموویانەوەیە، بـووە هـۆی تـەنك بوونـی ئەسـتوورایی لایـەی ئـۆزۆن‌و زۆر شـوینەواری مەترسیداری وەك گەرم بوونـی تۆپـی زەوی، توانـەوەی سـەهۆلە قوتبیی‌یـەكان‌و هەسـتان‌و زیـادكردنی ئـاوی ئوقیانووسەكان، وشكە سالی، لەنیوچوونی لیرەوارەكان، لەوەرگەكان‌و رووبەرە بە رووەك داپۆشراوەكان، بێ‌كـەلك بوونـی خـاك، پـەرەگرتنی ناوچـە شـۆرەكاتی‌یەكان، بلاوبوونەوەی نەخۆشی‌یەكانی سەرچاوە گرتوو لە وشـكە سـالیو. . .ی بـە دواوەیـە. لـەو پیوەندی‌یـەداو بـۆ نیشاندانی ئەو مەترسی‌یانەی لە سەر ریـی كۆمەلگـەی مرۆڤایـەتی دان، لـە ریككەوتننامـەو بەیاننامـەی ١٩٨٧ی مونترالّدا داوا كرا: "بەرهەمهینانی گازەكانی كولۆر، فلوورو كەربۆن كە لە گـازە گولخانەیی‌یـەكانن، دەبێ هـەتا سـالی ١٩٩٩ بەشـیوەیەكی جیـددی‌و كاریگـەر، كـوم بكریتـەوە. كۆبوونـەوەی گـازی دی‌ئۆكسیدی كەربۆن لە جـەوی تۆپـی زەوی لـە سـالی ١٩٨٥دا لە ئاست سەردەمی پیش لـە سـەنعەتی‌بوون، سـەدی ٢٥ بـەرەو ژوور چـووەو ئەگـەر ئـەو رەوتـەی ئیستای بەكارهینانی ئینـیرژیی لـە جیـهان دا هـەرو ا دریژەی هەبێ، كۆبوونەوەی ئەو جۆرە گازانە لـە جـەوی زەوی‌دا، هەتا سـالی ٢٠٥٠ سـەدی چـل، بـەرەو ژوور دەچێ‌و ئەگەر مەسرەف‌و بەكارهینانی ئینیرژیی لەوەش زیاتر بێ، [كۆبوونەوەی گازەكان لـە جـەوی زەوی] تـا سەدی هەشتاش زیاد دەكا. ئەو گەرمایەی لە ئاكـامی

زۆربوونـی گازەكـانی دیكـە بەتایبـەتی "متـان"، نیترۆكسید، كولۆر، فلـوورو كـەربۆن دا، پیـك هـاتوە، هەروەها بە یەكیك لـە هۆكـارە سـەرەكی‌یەكانی تـەنك بوونی لایەی ئۆزۆنی تۆپی زەوی ناسراوە."(١)

نـەگونجان‌و ناتـەبابوونی نموونـەكانی پـەرەپیدان (الگوهـای توسـعه) لەگـەلّ پیوانـەو ریوشـوینەكانی پاراستنی ژینگە، وەك یەكیك لە گرنگترین هۆكارەكانی خولقینەری ویرانەكانی پیوەندیدار بە ژینگە، لە قەلـەم دەدرین. لەو پیوەندی‌یەدا ولاتانی سەنعەتیی شیمال بەو هۆیـەوە كـە لـە میـژ سـالەپێ‌یان ناوەتـە سـەردەمی پیشەسازیی سەنعەتی كردن، بەش‌و نەخشیكی زیاتریان لـە پیـس كردنـی ژینگـەدا هەیـە: "ئابووری‌یـە پیشكەوتووەكانی بازار بریتی لە ئـەمریكای شـیمالی، ئوروپای رۆژئاواو ژاپۆن زیاتر لـە سـەدی ٤٩ی گـازی دی‌ئوكسیدی كەربۆنی جیهان بەرهـەم دینـن‌و نزیكـەی سەدی ٢٥ تا ٢٦ی ئەو دی‌ئوكسیدی كەربۆنـەی چۆتـە جەوی زەوی، هی ولاتانی ئوروپای رۆژهەلات‌و ولاتانی لـەحالی بووژانـەوە دان. هـەروەها دەتوانین بلیـین كـە هەرچی كولۆرو فلوورو كەربۆن بەرهەم دێ، هـەموویان هی ولاتانی سەنعەتی كراون‌و لە ئاكـامی پیـس بوونـی هـەواو ئاوەكـانی سـەرزەوی بـەهۆی زبـلّ‌و ئـاوە ژاراوی‌یەكان، گازی كـانزا (فلـز) قورسـەكان، ویرانیـی لیرەوارەكـان‌و. . . لایەنـە زیانبارەكـانی دیكـەی پەرەئەستاندنی هەوسارپچراوانە، پیك دینن.

گومـانی تیـدا نیـە كـە دریـژەدان بـە پـەرەپیدان كاریكی بەتـەواوی پیویسـتە، بـەلام شانبەشـانی ئـەو كـارە، دەبێ سـەلامەتیی ژینگـەو داهاتووەكەشـی وەبەرچاو بگیرێ. بە پیی پیناسەكردنیك كە لە راپۆرتـی زانستیی كۆمیسیۆنی ناسراو بە "بروتلەند"(پیشـكەش كراو بە ریكخراوی نەتەوەیـەكگرتووەكان ـ ١٩٧٨)"دا هـاتوە، پـەرەپیدانی بـەردەوام یـانی "پـەرەپیدانی ئـابووری‌و كۆمەلایـەتی لـە سـەر بناغـەی پاراسـتنی ژینگـەی شـاری‌و سروشـتی"(٣). ئـەم مەسـەلەیە پیویستی بە هەست كردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبـەر ژینگە، سەرچاوەسروشتیی‌یەكان‌و بـە گشـتی داهـاتووی تۆپی زەوی‌و مانەوەی ژیان لە سەر زەوی‌دا هەیـە. لـەو پیوەندی‌یەدا دەبێ سەبارەت بە بەرژەوەندی نەسـلەكانی داهـاتوو، قـازانجخوازی‌و سوودپەرەسـتیی ئیسـتا كـەم بكەینەوە. كارل ماركس لە سەرەتای سـەنعەتی بوونی كۆمەلگـەی ئورووپـادا بـەو تیگەیشـتنەی كـە لـە دریژەكیشان‌و سەرئەنجامی سەنعەتی كـردن، هـەیبووە، لەو پیوەندی‌یەدا گوتویەتی:

"نـە سـەرجەمی كۆمەلگەیـەك‌و نەتەوەیـەك‌و تەنانەت نە تیكرای هەموو كۆمەلگەكان لە یـەك كـات دا، خاوەنی تۆپی زەوی نین. ئـەوان تـەنیا زەوی‌یـان لـە ئیختیار دایە، كەلكی لی‌وەردەگرن‌و دەبـێ وەك باوكـە دلسـۆزەكانی بنەمالـەی (Bonipartes Familias) ئاگایـان لی بـێ‌و بیپـاریزن‌و بـە وەزعیكی باشترەوە بیدەن بە نەسـلەكانی داهـاتوو.(٤)

لەو پیوەندی‌یەدا هەلگرتنی ئەو هەنگاوانە گرنگی‌یەكی چارەنووسسازیان هەیە:

ـ پیكهینانی وزە یا ئینیرژیی ئـەوتۆ كـە جیگـای ئینیرژی‌یەكانی ئیستا بگرنەوە. بە جۆریـك كـە كـەلك وەرگرتن لە ئینیرژیی فوسیلی (نەوت، گـازو. . .) كـە هەر ئیستا سەدی ٨٠ی سـەرچاوەكانی بەرهەمـهینانی ئینـیرژی پیـك دینـن‌و نەخشـیكی بـەرچاویان لـە چوونەسەری ریژەی دی ئوكسیدی كەربۆن دا هەیـە، بـە شیوەیەكی بەرچاو كەم بیتەوە.

ـ پـەرەپیدانی سـەنعەت یـا پیشەسـازیی لیـك هەلاواردن‌و كۆكردنـەوەی زبلـی مـالان‌و كارخانـەكان‌و بەكارهینانی ئەوان لە پرۆسەی ریسایكل (رەوتی كـەلك وەرگرتنەوە لـە زبـل‌و بـەكارهینانی لـە سـیكلی تـازە بەرهەمهینان دا)، پیشگیری لە ویرانیـی لیرەوارەكـان‌و كـەلك وەرگرتنـی بـێ سـەرەوبەرەو نائیسـتاندارد لـە لەوەرگـەكان‌و سـەرمایە وەكارخسـتن لـە بـواری بوژاندنەوەی لیرەوارەكان‌و لەوەرگەكان.

ـ دانانی یاسا بۆ پاراستنی ژینگەو لە پیوەندی لـە گەلّ سەرمایەدانان لە بوارەكانی سەنعەتی، كشتوكالی‌و ئاوەدانكردنەوە لە لایەن دەولەتانەوە.

ـ بەرەوژووربردنی تیگەیشتنی گشتیی دانیشـتووان لە بواری پاریزگاری لە ژینگەدا.

با بە تیگەیشتنی هەمەولایەنەو ئەرك وەخۆگرتن‌و هەست بەبەرپرسایەتی كردنی كۆمەلگەی ئینسـانی لـە ئاست پاراستنی ژینگە، ئەو مەترسی‌و هەرەشـانە كـەم بكەینەوە كە لـە سـەر تۆپـی زەوی لـە داهـاتوودا لـە گەلیان بەرەوروو دەبن.

***سەرچاوەكان:***

(١)و (٢) احسـان محمـدی ـ "فرهنـگ توسـعه" ژمارە ١٩، گەلاویژو خەرمانانی ١٣٧٤

(٣) كریم قصیم ـ بلاوكراوەی "نبرد خلق" ژمـارە ١٨٩، رەشەمەی ١٣٧٩

(٤) كارل ماركس، بەرگی سیهەمی "سرمایه" بە زمانی ئەلمانی (بەرهەمەكانی م.ا)، وەرگیراو لە "نـبرد خلق" ژمارە ١٨٨ ☼

---

➔

لایەنەكانی ئـەو وەزعییەتـە نالـەبارەی ئـەوانی تێ‌دان بناسرێ‌و بناسیندرێ، لە ریگای جۆراوجۆرەوە بۆ بردنەسەری پلەی وشیاریی بنەمالە گوندنشینەكان لە پیناوی گرنگیدان بە خویندن‌و دریـژەی خویندنـی كچەكانیان، هەولّ بدرێ.

بـە كورتـی بێ‌بەشـیی كچـانی دێ‌نشـین لـە سـەرەتایی‌ترین مافەئینسـانی‌یەكانیان، لـەم سـەردەمەدا كـە كۆمەلگـەكانی دیكـە گـەلیك دەسـكەوتی سەرسـوورهینەریان وەدەسـت هینـاوەو پیشكەوتنی گەلیك مـەزنیان بـە خۆیانـەوە دیتـوە، پەلەیەكە بە تەویلی كۆمەلگەی دواكەوتووی ئیمەوە. دیارە ئـەو پەلەیـە هـەر لـەو حالـەدا دیمەنیكـە لـە وەزعییەت‌و چارەنووسی لیوریژ لـە سـتەم دیتوویـی گەلەكەمان‌و حاكمییەتی زالمانەی دوژمنانی كـورد‌و كوردسـتان. سـرانەوەی بـە تەواوییشـی لـە گـرەوی سـەركەوتن‌و گەیشـتنی گـەلی كـورد بـە ویسـت‌و داخـوازە ئینسـانی‌یەكانی (ئـازادی، دیموكراسـی‌و مافی میللی)دایە. ☼

پەراویزەكان:

(١) هەلبژاردەیەكە لە بـەندی یـەكی مـاددەی ٢٦ی بەیاننامـەی جیهانیی مافی مـرۆڤ‌و مـاددەی ١٣ی ریككەوتننامەی نیونەتەوەیی مافە ئـابووری ـ كۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌یەكانی ریكخـراوی نەتـەوە یەكگرتووەكان

(٢) (زنان در بازار كار ایران)، لاپەڕەی ٢٥٣ ـ میهرئەنگیز كار